گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper8

ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 10/02/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 16/04/2023
ڕێـکـەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# ڕۆژنـامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود

# هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان(1922) و ڕۆژ کوردستان (1922-1923) وەک نمونە

# لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە

**بختيار سعيد محمود**

bakhtear.mahmood@su.edu.krd

بەشی زانستی کۆمەڵایەتی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

لەماوەی سەردەمی دوەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودد‌ا لە سلێمانی لەنێوان سالأنی 1922–1923دا هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان دەرچونە. ئەم دو ڕۆژنامەیە وەکو زمانحاڵی دوەم حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی هەژمار دەکرێن، هەرچەندە ڕۆژنامەی بانگ کوردستان سەرەتا وەکو زمانحاڵی کۆمەڵەی جەمعیەتی کوردستانی مستەفا پاشای یاملکی کاری کردوە، بەڵام لە ژمارە دەوە ڕۆژنامەکە بوە بەزمانحاڵی حکومەتی شێخ مەحمود. پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەم دو ڕۆژنامەیە وەک جوتە وان، کەواتە کارەکەمان ناتەواو دەردەچێت، ئەگەر یەکێکیان وەربگرین و باسی ئەوەی تریان نەکەین، بۆیە بەباشمان زانی ئەم دو ڕۆژنامەیە پێکەوە وەربگرین لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی دەربارەی بابەتەکانی هەردو ڕۆژنامەکە بکەین.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەمدا ئەو بارودۆخە سیاسییە ڕونکراوەتەوە کە ئەم دو ڕۆژنامەیەی تێدا دەرچوە. لەتەوەری دوەمدا، بەکورتی باسی هەردو ڕۆژنامەی بانگ حەق و ئومێد ئیستیقلال کراوە، بەڵام تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان، لەم تەوەرەدا بەوردی ناوەڕۆکی هەردو ڕۆژنامەکە خراوەنەتەڕو و تاوتوێی بابەتەکانی کراوە.

**کلیلە وشە:** ڕۆژنامە، بانگ کوردستان، ڕۆژ کوردستان، بانگ حەق، ئومێد ئیستیقلال و شێخ مەحمود.

## پێشەکی

وەک لە ناونیشانەکەی دیارە ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمودە. شێخ مەحمود دوای گەڕانەوەی لە هیندستان لە ساڵی 1922 تا ساڵی 1924 چوار ڕۆژنامەی لەژێر چوار ناوی جیاوازدا دەکردوە، ئەوانیش ڕۆژنامەکانی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان و بانگ حەق و ئومێدی ئیستیقلالن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا تەنها دوان لەو ڕۆژنامانە وەردەگرین و لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکەیان دەکەین، ئەوانیش بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستانە، هۆکاری هەڵبژرادنمان بۆ ئەم دو ڕۆژنامەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دو ڕۆژنامەیە وەک جوتە وان، چونکە هەردوکیان وەک زمانحاڵی دوەم حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی لەماوەی نێوان سالانی 1922–1923 هەژمار دەکرێن، هەرچەندە ڕۆژنامەی بانگ کوردستان لەسەرەتادا زمانحاڵی جەمعیەتی کوردستان بوە، بەڵام لە ژمارە دەوە ڕۆژنامەکەوە بوە بەزمانحاڵی دوەم حکومەتی شێخ مەحمود، کەواتە کارەکەمان ناتەواو دەردەچێت، ئەگەر یەکێکیان وەربگرین و باسی ئەوەی تریان نەکەین، بۆیە بەباشمان زانی ئەم دو ڕۆژنامەیە پێکەوە وەربگرین لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی دەربارەی بابەتەکانی هەردو ڕۆژنامەکە بکەین، هەرچەندە لەم توێژینەوەیەدا کورتەیەکمان لەسەر هەردو ڕۆژنامەکەی تری سەردەمی شێخ ڕۆژنامەی بانگ حەق و ئومێد ئیستیقلال باسکردوە، بەڵام لە پرۆژەماندایە لەداهاتودا بەجیا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین.

هۆکاری هەڵبژاردنمان بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ حەز و خولیای توێژەر بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەکە کۆنەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی سەردەمی شێخ مەحمود و دوای شێخ مەحمود، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تێزی دکتۆراکەم لەم ماوەیەدا نوسراوە، بەهۆی ئەوەوە ئاشنایەتم لەگەڵ ئەم ڕۆژنامانەدا پەیدا کرد، بۆیە خولیای ئەوەم بۆ پەیدابو لێکۆڵینەوەی زانستی لە ناوەڕۆکیان بکەم. جگە لەوەش ڕۆژنامە کۆنەکان بە بەشێکی گرنگی مێژوی کورد هەژمار دەکرێن گرنگیدان و شیکردنەوەیان لەلایەن توێژەران دەبێتە هۆکاری ئاشناکردنی خوێنەر بەمێژوی کورد لەو قۆناغانەدا.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەکەمان بە پلەی یەکەم پشتمان بە هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان بەستوە و هەمو ژمارەکانی هەردو ڕۆژنامەکەمان بینیوە و بەوردی ناوەڕۆکیمان خوێندۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی سودمان لە چەندین سەرچاوەی تری تایبەتمەند بەم بابەتەوە بینیوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و پەراوێز و لیستی سەرچاوە و ئەنجام و هەردو کورتەی ئینگلیزی و عەرەبی پێکهاتوە. لە تەوەری یەکەمدا ئەو دۆخە سیاسیەی هەردو هەردو ڕۆژنامەی

بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستانی تێدا دەرچوە خراوەتەڕو. تەوەری دوەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هەردو ڕۆژنامەی بانگ حەق و ئومێد ئیستیقلال، لەم تەوەرە بەکورتی ناوەڕۆکی ئەم دو ڕۆژنامەیە خراوەتەڕو. تەوەری سێیەم کە یەکێکە لە تەوەرە سەرەکیەکان تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان. لەم تەوەرەدا بەوردی ناوەڕۆکی هەردو ڕۆژنامەکە باس کراوە و هەمو ئەو باسانە خراوەتەڕو کە لە ناوەڕۆکی ئەم دو ڕۆژنامەیەدا هەبون.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە جگە لە ژمارەکانی هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان، سود لە چەندین سەرچاوەی تری مێژویی ڕەسەن و سەرچاوەی نوێ وەرگیراون، لە دیاترین سەرچاوە رەسەنەکان کە نوسەرەکانیان لەو سەردەمدا ژیاون و بینەری ڕوداوەکان بونە، لەوانە ڕەفیق حلمی و ئەحمەد خواجە. لە سەرچاوە نوێیەکانیش سود لە پەرتوکە بەنرخەکەی مامۆستا ڕەفیق صاڵح وەرگیراوە لەژێر ناوی "سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر". هەروەها سود لە پەرتوکی چەندین نوسەری تر وەرگیراوە لەوانە، فائق بطی، الموسوعة الصحيفة العراقية، و عبدالجبار محمد جباری، مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی، و پەرتوکی نوسەری ناوداری عێراقی عبدالرزاق الحسنی، بەناوی (تاريخ الصحافة العراقية). ئەمە لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تر کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە و خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەریان و بینەریان بێت.

## تەوەری یەکەم: ئەو دۆخە سیاسیەی هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستانی تێدا دەرچوە

بەر لەوەی بچینە سەر باسکردنی هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان، بەپێویستی دەزانم کورتەیەک لەسەر ئەو بارودۆخە سیاسیە باس بکەین کە هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستانی تێدا دەرچوە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی سلێمانی بەدیاریکراوی لەساڵی 1917 لەکۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی گرنگی تایبەتی بۆ عوسمانیەکان هەبوە بەتایبەت لەڕوی سەربازییەوە، عوسمانیەکان وەکو مەڵبەندێکی سەربازی گرنگ تەماشایان کردوە(بۆ بینینی بەڵگەنامەکە بڕوانە: باجگر، 2019، 211)، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، دوای تێکشکانی عوسمانیەکان لە ناوچەکە، عوسمانیەکان لە شاری سلێمانی کشانەوە و لە سەرەتای تشرینی دوەمی ساڵی 1918 دەسەڵاتی شاری سلێمانیان ڕادەستی شێخ مەحمود(1881–1956) کرد. هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن بەر لە کشانەوەی تورکەکان لە ناوچەکە شێخ مەحمود پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە کردبو، چونکە باوەڕی بە تورکەکان نەمابو دەیویست لەڕێگەی ئینگلیزەکانەوە شتێک بۆ کورد بەدەست بهێنێ، بەڵام کشانەوەی تورک لەناوچەکە ڕێگەی

خۆشکرد بۆ هاتنی بەریتانییەکان بۆ ناوچەکە، بۆیە بەریتانیەکانیش نێردراوی خۆیان بۆ سلێمانی ڕەوانە کرد و جگە لە یارمەتیدانی شێخ مەحمود، هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەیان نەبو(بڕوانە: هاوار، 1990، ب1، 358 و دواتر؛ جوەیدە، 2008، 252-253؛ شوانی، 2002، 82-83). پاش ئەوەی مێجەرنۆئێل(1) نێردەی سیاسی ئینگلیزەکان هاتە سلێمانی بەناوی ئینگلیزەکانەوە شێخ مەحمودی وەکو حوکمدار ناساند، لێرەوە یەکەم ماوەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە سلێمانی دەستپێدەکات(مکدول، 2004، 244-245)، هەرچەندە مێژونوسی ناوداری عێراقی عبدالرزاق الحسنی ئاماژەی بەوە کردوە، کە ئەو حکومەتەی ئینگلیزەکان بۆ شێخ مەحمود دروستیان کرد، شێوازێکی حوکمداریەتی بوە(الحسنی، 2013، ج1، 300). پاش ئەوەش لە یەکی کانونی یەکەمی 1918 وڵسن حاکمی گشتی سیاسی بەریتانیەکان لە عێراق سەردانی شێخ مەحمودی کردو دانی بەحکومەتەکەیدا نا(مکدول، 2004، 245) مێژونوس ئەلحەسەنی لێرەدا ئاماژەی بەوە کردوە، کە شێخ مەحمود ئیمزای چل سەرۆک هۆزی داوەتە وڵسن و، داوای پاراستنی کوردستانیان کردوە لەژێر سەرپەرشتی بەریتانییەکان(بڕوانە: الحسنی، 2008، ج3، 302). هەرچەندە سەرەتا شێخ مەحمود پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزەکان باش بو، بەڵام زۆری نەبرد ئەو پەیوەندییە تێکچو، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان دانیان بە دەسەڵاتی شێخ مەحمود نەدەنا وەکو فەرمانڕەوایی هەمو کوردستانی عێراق، بەڵکو دەیانویست دەسەڵاتی تەنها لە سلێمانی قەتیس بکەن. پاش تێکچونی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان لە 18ی حوزەیرانی 1919 شەڕی دەربەندی بازیان لەنێوان هێزەکانی شێخ مەحمود و ئینگلیزەکاندا ڕویدا، دوای شکستی شێخ مەحمودو بەدیل گیرانی ئینگلیزەکان دوریان خستەوە بۆ هیندستان(بڕوانە: ویلسن، 1971، 186 ومابعدها؛ فتح الله، 2002، 217 ومابعدها). لێرەوە یەکەم ماوەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود لە سلێمانی کۆتایی هات، دوای ئەوە سەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکان لە سلێمانی دەستپێدەکات.

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ دەستیان بەسەر شاری سلێمانیدا گرت مێجەرسۆن(1881-1923) بوە فەرمانڕەوای شارەکە. یەکێک لەو کارە گرنگانەی کە مێجەرسۆن ئەنجامیدا دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بو لە شاری سلێمانی بەناوی ڕۆژنامەی پێشکەوتن(عەتار و سامی، 1998، 4). ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی لەبەرواری 29 نیسانی1920دا دەرچو(بڕوانە: پێشکەوتن، ژ1، 29 نیسانی 1920، 1). بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر دەرچونی ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود هەبوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەتای پرۆسەکە ئینگلیزەکان خۆیان ڕێچکەیان بۆ دانا، دواتر لەسەردەمی شێخ مەحمودا بەردەوام بو.

دوای تێکچونی بارودۆخی ناوچە کوردییەکان چەندین ڕاپەڕین لە ناوچەکە دژی ئینگلیزەکان بەرپابو، ئەمەش ڕێگەی بۆ تورکەکان خۆشکرد تاوەکو بەناوی گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ(2) دەست لەناوچەکە وەربدەن، کوردیش لەپێناو دژایەتی ئینگلیزەکان دەستیان کردەوە بەیارمەتیدانی تورک، تورکەکان لەڕێگەی سوپاوە و بەیارمەتی کوردەکان توانیان ناوچەکانی ڕەواندز و پاشان ڕانیە و کۆیەش لە ئینگلیزەکان بسەنەوە، ئەمەش مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لە سلێمانی دروست کرد(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کوکس و دوبس، دون تاریخ الطبع، 60-61؛ شوانی، 2002، 150 ودواتر). لە 9ی مارسی 1922 ئۆزدەمیر پاشا لە ئەنقەرەوە بەرەو ڕەواندز کەوتەڕێ. لە 22ی حوزەیران هێزی تورک گەیشتە ڕەواندوز، بەمەش بەریتانیا تەواو نیگەران بو، لەگەڵ ئەوەی عەشیرەتەکانی کە ئەوکات لەناوچەکە خەریکی دژایەتیکردنی یەکتری بون، کەچی بەگەیشتنی ئۆزدەمیر بۆ ناوچەکە پەیوەندیان پێوەکرد، بەمەش ئۆزدەمیر بو بە خاوەن سوپایەکی بەهێز، توانیان لە بەرامبەر لەشکری ئینگلیز سەرکەوتن بەدەست بهێنن(SİLLELİ، 2005: 57). سەرکەوتنی ئۆزدەمیر بەریتانیەکانی نیگەران کرد، بەڕادەیەک دەستەوەستان بون لە دۆزینەوەی چارەسەر تەنها هەولێر و کەرکوکیان لەدەستدا مابو، بۆ چارەسەری بارودۆخی سلێمانی بەناچاری بڕیاریاندا بە گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود بەمەرجێک سنوری دەستەڵاتی تەنها لەنێو سلێمانی بێت و مێجەرنوێلیش وەکو یارمەتیدەری شێخ مەحمود لەلایەن بەریتانیەکان دانرا، بەڵام شێخ مەحمود پابەندی ئەم بڕیارە نەبو، بەڵکو بەپێچەوانەوە خۆی بە حکومداری کوردستان ڕاگەیاند(Öke، 82 :1991).

بەر لەجێهێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و لەپێناو بەرەنگاربونەوەی دەسەڵاتی تورکەکان لەناوچەکە، ئینگلیزەکان هەوڵیاندا ئەو کەسانەی نەیاری تورکن لە خۆیانی کۆبکەنەوە، ئەحمەد خواجە لە بیرەوەریەکانیدا کە خۆی لەو سەردەمدا ژیاوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئینگلیزەکان کارئاسانیان بۆ مستەفا پاشای یامولکی(3) کردوە و بەئاسانی ڕێگەیان پێداوە ڕۆژنامەی بانگ کوردستان دەربکات، هەروەک خواجە باسی ئەوەش دەکات کە یامولکی لە زەمانی عوسمانیدا میر لیوای ئەرکانی جەنگی و سەرۆکی دیوانی عورفی سەربازی بوە لە ئەستەمبوڵ و پێش کەوتنی ئەستەمبوڵ بە دەستی کەمالیەکان بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال دەرکردبو، دوای گرتنی ئەستەمبوڵ لەلایەن کەمالیەکانەوە ئەو شارەی بەجێهێشت و گەڕایەوە سلێمانی(خواجە، 2013، 71). هەروەها ڕەفیق حلمیش لە یاداشتەکانیدا کە خۆی لەو سەردەمدا ژیاوە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە بەر لە گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی، مستەفا پاشای یامولکی لە ئەستەمبۆڵەوە گەڕایەوە سلێمانی. مستەفا پاشا بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو بۆ پەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی تورک و پاراستی سلێمانی لە مەترسی ئۆزدەمیر پاشا گەڕاوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا بەئاگاداری ئینگلیزەکان مستەفا پاشا جەمعیەتی کوردستان و پاشان بەڕوخسەتی ئینگلیزەکان

ڕۆژنامەی بانگ کوردستانی دەرکرد، کەواتە ڕۆژنامەی بانگ کوردستان لەژێر سایەی ئینگلیزەکان و هەر بەرەزامەندی ئەوانیش بڵاوبۆتەوە(حلمی، 2003، 304-305؛ هەروەها بڕوانە: علی، 2003، 394-395؛ حەمید، 2003، 141). بێگومان چەندین بەڵگەیەکی تر هەن ئەوە دەسەلمێنن کە ئینگلیزەکان لەو قۆناغەدا لەپشت هێناوەی مستەفا پاشای یامولکی و دامەزراندنی جەمعیەتی کوردستان و ڕۆژنامەی بانگ کوردستانەوە بونە. ئەوەتا ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە سلێمانی دەردەچو، بەگەرمی هەواڵی هاتنەوەی مستەفا پاشای یامولکی لە ئەستەمبوڵەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ سلێمانی بڵاوکردۆتەوە(پێشکەوتن، ژ 76، 6 ئۆکتۆبەری 1921، 4). هەروەها ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە دوا ژمارەی خۆیدا هەواڵی دامەزراندنی جەمعیەتی کوردستان و دەرچونی ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و لەهەمان کاتدا هەواڵی داخستنی خۆی بڵاوکردۆتەوە. وەک لەم بارەیەوە دەڵێت: لم روژنەدا بو خذمت ولات و بو برز کردنەوە معارف جمعیتیک بەناوی جمعیت کوردستانەوە لە سلیمانی تشکیلی کردوە. بەناوی بانکی کردستانەوە امتیازی غزتەیکیش وەرکیراوە کە ام جمعیتە ادارە دەکات جناب حاجی مصطفی پاشا مدیر مسؤلیتی. و غزتە لمولا هفتە جاریک دەردەچیت(پێشکەوتن، ژ 118، 27 جولای 1922، 2). ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەو پەیامەیدا دەیەوێ هەواڵی ئەوە بە خەڵکی سلێمانی بدات کە ڕۆژنامەی بانگ کوردستان دەبێتە جێگرەوە و میرتگری ڕۆژنامەی پێشکەوتن و ئیتر ئەم ڕۆژنامەیە لەجیاتی ڕۆژنامەی پێشکەوتن دەردەچێت.

یەکێکی تر لەڕێگە چارەسەرەکانی ئینگلیز لەپێناو هێمنکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کوردییەکان و بەرەنگاربونەوەی تورکەکان لەڕەواندز، پەنایان بردە بەر هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی. لۆنگریک(1893-1979) یەکێک لە کاربەدەستانی ئەو کاتی ئینگلیزەکان لە عێراقدا لە پەرتوکەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردوە، کە هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایە بو کە دوای کشانەوەی ئینگلیزەکان لە سلێمانی دروست ببو، ئەمە جگە لەوەی لەپێناوی لێدانی دەسەڵاتی تورکەکان لە ڕەواندز و هێورکردنەوەی دۆخی شێواوی ناوچەی کوردییەکان بو، وەناوبراو ئاماژەی بەوەش کردوە کە مەلیک فەیسەڵی یەکەمی(1921-1933) مەلیکی ئەوکاتی عێراقیش ئەو چارەسەرەی پێ باش بوە و پێی ڕازی بوە(لونگریک، 1988، 238-239). ئەوەی جێگەی تێبینیە، خاتو مس بێڵیش کە یەکێک بوە لە کاربەدەستە دەستڕۆیشتوەکانی بەریتانی لە عێراقدا، لە یادەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەوە کردوە، کە یەکێک لەمەبەستە گرنگەکانی هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ ئەوە بوە تاوەکو ناوچەیەکی جیاکەرەوە لەنێوان عێراق و تورکیا لەڕێگەی شێخ مەحمودەوە دروست بکەن(بیرغوین، 2002، 508). مێژونوسێکی تر پێ وایە ئینگلیزەکان ناچاربون لەو قۆناغەدا شێخ مەحمود بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، ئەمەش بۆ ئەوەی تاوەکو بتوانن کوردی لە

دەور کۆبکەنەوە و ئۆزدەمیر پاشا لە ڕەواندوز دەرپەڕێنن، لە بەرانبەردا ئینگلیزەکان بەڵێنی ئەوەیان بەشێخ دابو بیکەنە حکومداری کوردستان(شمدت، 1999، 84).

شێخ مەحمود لە 22ی ئەیلولی ساڵی 1922 گەڕایەوە سلێمانی و لە 10ی 10ی 1922 کابینەیەکی نوێی حکومەتی دروست کرد، لێرەوە دوەم ماوەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە سلێمانی دەست پێدەکات، دوای دوبارە تێکچونی پەیوەندی نێوان شێخ لەگەڵ بەریتانییەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە 10ی تشرینی دوەمی 1922 کاتێک شێخ محمود لەژێر کاریگەری تورکەکان خۆی وەک مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند، لە 3ی ئاداری 1923 ئینگلیزەکان سلێمانی بۆردومان دەکەن و شێخ مەحمودیش بەناچاری شاری سلێمانی بەجێ دەهێڵێت. لێرەوە ماوەی دوەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود لە سلێمانی کۆتایی هات( بڕوانە: الحسنی، 1953، ج1، 204؛ الادهمی، 1972، 270؛ صابر، 2001، 242-246؛ اسکندر، 2007، 265 ومابعدها). شایانی باسە لەگەڵ گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی عەشیرەتەکان بون بەدو بەشەوە بەشێکیان لەپاڵ تورکەکان دژی بەریتانیا بون، بەشەکەی تریش لەگەڵ شێخ مەحمود بون، بۆیە بەریتانیەکان دانیان نا بەوەی کە هەڵەبون لە گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی(ÖKE، 1991 :85).

## تەوەری دوەم: ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود

لەسەردەمی شێخ مەحموددا، چوار ڕۆژنامە دەرچونە، هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە قۆناغ و سەردەمێکی جیاوازدا دەچونە، وەک لە ناونیشانی توێژینەوەکەماندا دیاریمان کردوە پێویستە ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود بناسێنین، هەربۆیە لەسەرەتادا بەناساندنی هەردو ڕۆژنامەی بانگ حەق و ئومێد ئیستیقلال دەست پێدەکەین، پاشان بەوردی لێکۆڵینەوە لەهەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان دەکەین کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە:

### 1-2: ڕۆژنامەی بانگ حەق (بانک حق)

بە یەکێک لەڕۆژنامە گرنگەکانی سەردەمی شێخ مەحمود دادەنرێ، ئەم ڕۆژنامەیە دوای دەرکردنی شێخ مەحمود لە شاری سلێمانی لە مانگی ئاداری 1923دا دەرچوە، واتە ئەم ڕۆژنامەیە دوای تێکچونی دوەم حکومەتی شێخ دەرکراوە(ساڵح"ئامادەکار"، 2001، 13-14). لەژێر ناوی ڕۆژنامەکە نوسراوە، ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتمیاعیە، غەزەتەیەکی ڕەسمیە لەلایەن قرارگاهی عومومیی ئۆردوی کوردستان چاپ دەرکرێ(بڕوانە: ڕۆژنامەی بانگ حەق، ژ1، 28 ئاداری 1923، 1). ئەم ڕۆژنامەیە لە ئەشکەوتی جاسەنە لە ناوچەی سورداشی باکوری شاری سلێمانی دەرکراوە. ئەم ڕۆژنامەیە تەنها سێ ژماری لێدەرچوە. ژمارە یەکی وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە لە 28ی ئاداری 1923دا دەرچوە. بەڵام

ژمارە دوەمی ڕۆژنامەکە بەڕەشنوسی ماوەتەوە و چاپ نەکراوە، بەڵام ژمارە سێیەمی لە 12ی نیسانی 1923 چاپ کراوە(عمر، 2001، 93).

ئەم ڕۆژنامەیە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی شێخ مەحمودی تێکەتبو لەیەکەم ژمارەیدا دوای یارمەتی و کۆمەککردنی شۆڕشگێڕانی لە خەڵک دژی ئینگلیز کردوە، و بەتوندی سەرکۆنە بۆمبابارانکردنی سلێمانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئینگلیزەوە کردوە. وەک ئەم بارەوە نوسیویەتی: (وقتی کە طیارەی انکلیز شار سلیمانی بە بومبا بومباردمانی کرد مال و منال و عیال بی گناە و بی دستەلاتی ام ملتە معصومەی آکر بارین کرد، ماهیت و معنای مواعید و معاونتی انکلیز بە تواوی معلوم بو... بۆ اوردوی کوردستان و مجاهدین و قوای ملیەی اسلام و ملت کورد همو شتیک تبرع اکری وکو پارە، اسپ، ایستر، اسلحە، جبخانە، جامانە، کلاو، کراس، درپی، قماش، جل...)(بانگ حق، ژ1، 28 ئاداری 1923، 1-3). ژمارە سێی ئەم ڕۆژنامەیە، تەنها لە دو لاپەڕە پێکهاتوە و، هەمان بابەتی ژمارە یەکی دوبارە کردۆتەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە بەیاننامەیەکی شێخ مەحمود، کە داوای هاوکاری لە خەڵک کردوە بۆ ئەوەی بەهاوکاری خەڵک بتوانن بەرەنگاری ئینگلیزەکان ببنەوە، وەک لە بەشێکی بەیانەکەدا هاتوە و دەڵێت: "امرو روژی غیرتە، روژی مروتە، چاکە و خراپەی امرو کوم نابی، لە دنیا وآخرت دەبینری. (فمن یعمل مثقالة ذرة خیرا یرە ومن یعمل مثقالة ذرة شرا یرە) صدق الله العظیم"(بانگ حق، ژ 3، 12 نیسانی 1923، 2).

## 2-2: ڕۆژنامەی ئومێد ئیستیقلال(امید استقلال)

ئەم ڕۆژنامەیە وەکو ئۆرگان و زمانحاڵی سێیەم حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی دژی ئینگلیز و حکومەتی عێراقی کاری کردوە. یەکەم ژمارەی لە 2ی ئەیلولی 1923دا دەرچوە، دوا ژمارەشی کە ژمارە بیست و پێنجە لە 15ی مایسی 1924دا بڵاوبۆتەوە(عمر، 2001، 98؛ سالح"ئامادەکار"، 2001، 17 ودواتر). ڕۆژنامەکە وەکو ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی ئیجتیماعی خۆی ناساندوە، کە هەفتەی یەکجار بڵاوبۆتەوە(بڕوانە: امید استقلال، ژ 1، 20 ئەیلول 1923، 1).

ئەم ڕۆژنامەیە بۆ گەیاندنی ئامانجەکانی پەنای بردۆتە بەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ و کورتە هەواڵ و بەدواداچون. هەروەها ئاگاداری فەرمانگە ڕەسمیەکانیشی بڵاوکردۆتەوە. ئەمە جگە لەوەی چالاکی و ئاگاداریەکانی شێخ مەحمودیشی بڵاوکردۆتەوە بەتایبەت هەواڵەکانی کابینەی حکومەتی شێخ مەحمود. هەروەها یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە بایەخێکی زۆری داوە بەکێشەی ویلایەتی موسڵ و گواستنەوەی هەواڵەکان لەم بارەیەوە. هەورەها بایەخی بە پەیماننامەی لۆزان(4) و ماددەکانی نێو پەیماننامەکە داوە(عمر، 2001، 100). بۆ تێگەیشتن لەو قۆناغەی خەباتی کوردی و ڕوداوە مێژوییەکانی

ئەو سەردەم، بەتایبەت لەبارەی خەباتی شێخ مەحمود لەو قۆناغەو، کێشەی ویلایەتی موسڵ و ڕێکەوتنی لۆزان و پەیوەندی نێوان ئینگلیز و تورکەکان و پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق، ئەم ڕۆژنامەیە سەرچاوەیەکی گرنگ و ڕەسەنە و هەواڵ و زانیاری زۆرمان لەو بارەوە بۆ دەگوازێتەوە(بڕوانە: بطی، 2011، 41). بۆ نمونە لە یەکێک لە هەواڵەکانی ڕۆژنامەکە لەبارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەڕێکەوتنی لۆزاندا ڕۆژنامەکە دەنوسێت: "لە مجلس لوزاندا و مسئلة کە لە بینی انکلیز و تورکیادا موجود بو بە موافقت طرفین و بە موفقیتیکی عظمی تورک حل و فصل کراوە، مسئلة موصل و حدود عراق لە پاش انفاذی مواد معاهدە بە 9 مانگ لە بینی هردو حکومتا حل اکری..."(امید استقلال، ژ3، 4 تشرینی یەکەمی 1923، 4).

هەروەها ڕۆژنامەکە کاری لەسەر مەسەلە مێژوویی و نیشتیمانەکانی تایبەت بە کورد کردوە و قسەی لەسەر کوردستان و سنوری کوردستان کردوە(بڕوانە: امید استقلال، ژ4، 11ی تشرینی یەکەمی 1923، 3). ئەمە جگە لەوەی هەندێکجار ڕۆژنامەکە بەگیانێکی جوداخوازی هەندێک لەبابەتەکانی نوسیوە، ناوچەی کوردی بە ناوچەی جیاواز لەناوچەی عەرەبی عێراق هەژمار کردوە، بەو نیازەی کە کوردیش مافی خۆیەتی سەربەخۆ بژی. وەک لەم بارەوە نوسیویەتی: "آرزو اکین العراق مناسبتی ارتباطی لەبینی کورد و عربدا چیە بومان ایضاح بکات، واقعا هردولا بشرن و هم هاودینن فقط حالت عنصریە و خصوصیە اجتماعیە زور لەیکی دور خستوینەوە"(امید استقلال، ژ23، 24 نیسانی 1924، 4).

## تەوەری سێیەم: ڕۆژنامەکانی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردوە ئەم دو ڕۆژنامەیە وەکو زمانحاڵی دوەم حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی هەژمار دەکرێن، لەخوارەوە بەوردی هەردو ڕۆژنامەکە تاوتوێ دەکەین:

### 3-1: ڕۆژنامەی بانگ کوردستان (بانگ کردستان)

ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی زانستی ئەدەبی سەربەست و میللی بوە، لە چاپخانەی حکومەت لە سلێمانی بە هەر سێ زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی چاپ دەکرا. یەکەم ژمارەی لە 2 ئابی 1922 دەرچوە. تا ژمارە 14ی بە ناڕێکی دەرچوە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامەیە مستەفا پاشای یامولکی بوە(عمر، 2001: 86-88؛ بڕوانە: خزندار، 1973، 27). ئەم ڕۆژنامەیە جگە لە زمانی کوردی بەشێکی بەزمانی تورکی بەسەرپەرشتی ڕەفیق حلمی(1898-1960) و بەشە کوردی و فارسیەکەشی لەلایەن علی کەمال(1877-1974) و شێخ نوری شێخ ساڵح(1896-1958) سەرپەرشتی کراوە(الحسنی، 1935، ج1، 77). لە ژمارە یەکی ئەم ڕۆژنامەیە ئاماژە بەوە کراوە کە بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتی کوردستان و لەبەر پێویستی ئەو قۆناغە جەمعیەتی کوردستان کە لە 21 تەمموزی ساڵی 1922دا دامەزراوە

و مستەفا پاشای یامولکی سەرۆکی کۆمەڵەکە بوە و، ڕۆژنامەی بانگ کوردستان کراوەتە زمانحاڵی کۆمەڵەکە، وەک لەم بارەوە ڕۆژنامەکە دەڵێت: "له نتیجه سعی و کوششیکدا که له طرف جناب رئیس جمعیت کوردستانەوه واقیع بوه حکومت سیاسی سلیمانی بۆ نشری غزته بانک کردستان مساعده فرمو... مصرف چاپ کردن و سائره أول نسخه ام غزتەیه له طرف اعضایان دائمی جمعیت کردستانەوه تأمین کرا"(بانگ کوردستان، ژ 1، 2 ئابی 1922، 1، 3)، واته ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا ئۆرگان و زمانحاڵی کۆمەڵەی جەمعیەتی کوردستان بوە کە مستەفا پاشای یامۆلکی سەرکردایەتی کردوە. دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی بوە ئۆرگان و زمانحاڵی ئەو حکومەتە کوردییەی کە شێخ مەحمود لە سلێمانی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1922 دروستی کرد(عمر، 2001: 86-88).

ڕەفیق حلمی کە خۆی لەو سەردەمەدا ژیاوە و بەشداری ڕوداوەکانی کردوە لەبارەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانەوە لە یاداشتەکانیدا نوسیویەتی: جەمعەیتی کوردستان و ڕۆژنامەکەی کەم و زۆر خزمەتی کوردایەتی و مەسەلەی کوردیان کردوە، بەهۆی بانگی کوردستانەوە بو کە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان وڵاتی سلێمانی بوبۆە ناوچەی جولانەوەی کوردایەتی بەرزبونەوەی ئاوازی نیشتیمانپەروەرەکان. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیان ئاماژەی بەوەش کردوە کە هەرچەندە مستەفا پاشای یامولکی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە سلێمانیدا نەبوە، بەڵام بەهۆی دامەزراندنی جەمعەیتی کوردستان و دەرکردنی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانەوە ببوە جێگەی مەترسی بۆ تورک و کەمالیەکان و بەچاوی مەترسی تەماشایان کردوە، لەبەرئەوە هەوڵی زۆری لەوناوبردنیان دەدا(حلمی، 2003، 309).

ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ڕێبازێکی سیاسی دیاری هەبوە، دژی ئەوە بوە کوردستان بنوسێنرێ بەعێراقەوە. هەروەها دژی ئەوەش بو بخرێتە ژێر دەستی تورک، لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی بوە بەپشتیوانی و یارمەتی ئینگلیز(ئەمین، 2013، کتێبی دوەم، بەرگی یەکەم، 238). ئەوەتا لەژمارە 2ی ڕۆژنامەکەدا دژایەتی خۆی بۆ هاتنی لیژنەیەک لە بەغداوە دەردەبڕێ، باسی لەوە کردوە کە ناکرێت لیژنەیەک لە بەغدا بێن تا ئێمەی کورد ئامۆژگاری بکەن سەر بەعێراق بین. وەک لەم بارەوە دەڵێت: "اگر مقصدیان امه بی نصیحتمان بکەن تابع عراق بین... فکر کردایەتی هتا بیت رک دادکوتی و بانگ کردستان لەکل معارف بو ترقی و تنویر کردان سعی و کوشش دکات. امجا لبر امه نازانین ام هیئت ناصحه دین چی دلین"( بانگ کردستان، ژ 2، 14ی ئابی 1922، 1). هەروەها ڕۆژنامەکە بەشێکی تری نوسینەکانی تەرخان کردوە بۆ دژایەتی سیاسەتی تورک بەرانبەر کوردان، لەوانەش کوردەکانی تورکیا و ئەو ستەمەی دەسەڵاتدارانی کەمالیەکان بەرانبەر کورد پێڕەویان کردوە کە هەوڵی توانەوەیان دەدەن(بڕوانە: بانگ کردستان، ژ 4، 28 ئابی 1922، 1-2). هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە کوردانی ئێرانیشی لەبیرنەکردوە و لە

چەندین ژمارەدا باسی ئە ڕاپەڕینەی سمكۆی شكاكی(5) كردوە كە وەك سەركردەیەكی كوردی ئەوكات دژی حكومەتی ئێران ڕاپەڕیوە و بەشێكی ناوچە كوردیەكانی لەژێر دەستی ئێران دەرهێناوە(بڕوانە: بانگ كردستان، ژ5، 4 ئەیلولی 1922، 5).

یەكێكی تر لە بابەتە گرنگانەی كە ڕۆژنامەكە وەكو ڕوداوی ڕۆژ یابەخی زۆری پێداوە، مەسەلەی تێكچونی بارودۆخی ناوچەی سلێمانیە كە وای لە ئینگلیز كرد لەو قۆناغە بەناچاری بیر لە كشانەوە لەشارەكە بكەنەوە و دەسەڵات بۆ كوردانی شارەكە جێبهێڵن و پاشانیش ناچاربون شێخ مەحمود لە هیندستانەوە جارێكی تر بۆ سلێمانی بگەڕێنەوە، ئەمەش دوای هێرشی تورك بۆ ناوچەكان و، و گرتنی شارەكانی ڕەواندز و ڕانیە و كۆیە. لەو كاتەدا ئینگلیزەكان بیریان لەوە كردوە لەڕێگەی گەڕانەوەی شێخ مەحمودەوە جارێكی تر بتوانن تورك لە ناوچە كوردییەكان دەربپەڕێنن(عثمان، 2003، 385 ومابعدها). لەو باوەرە ڕۆژنامەكە باسی لەوە كردوە كە مەندوبی سامی ئەوكاتی ئینگلیزەكان لە عێراق كار لەسەر ئەوە دەكات حكومەتێك بۆ كوردەكان دروست بكات، وەك دەڵێت: "كە بە عموم اهلی سلیمانی خبر بدات عنقریب میدانیان دەدریت بو حل كردنی مسئلە تشكیل كردنی حكومتیك بو كردستان... مدوب سامی لكل حكومتی انكلترە خریك مخابرە تاوكو ترتیبكی باش دابنریت و لم روزانەدا بە اهالی تبلیغ و تعمیم دكری. جناب شیخ محمود افندی لكل شیخ محمد غریب افندی لە كویتەوە بۆ بغداد نقلیان لە طرف حكومت مفخمە بەریتانیاوە مستعدە كراوە"(بانگ كردستان، ژ 5، 4ی ئەیلولی 1922، 5-6). دوای ئەوەی ئینگلیزەكان بڕیاریاندا سلێمانی چۆڵ بكەن وەك ڕێگە خۆشكردنێك بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحمود، ئەم مەسەلەیە لە ڕۆژنامەكەوە بایەخی زۆری پێدراوە. باسی لەوە كردوە ئینگلیزەكان لە 5ی ئەیلولی ساڵی 1922 شاری سلێمانیان چۆڵ كرد و شارەكەیان دایە دەست شێخ قادری برای شێخ مەحمود، بۆ ئەوەی كوردەكان خۆیان شارەكە بەڕێوەبەرن تا ئەوكاتەی ئینگلیز ڕێگە خۆش دەكەن بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ شارەكە. هەروەها ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەش كردوە كە گۆلد سمیس هاتۆتە شاری سلێمانی و هەواڵی ئەوەی پێداون كە ئەوان وەك ئینگلیز شارەكە بۆ خەڵكەكەی جێدەهێڵن و شار تەسلیمی شێخ قادری برای شێخ مەحمود دەكەن تا شارەكە بەڕێوەبەرێت. هەروەها ڕۆژنامەكە ئاماژەی بەوەش كردوە ئینگلیزەكان لەڕێگەی شەش فڕۆكەوە تەواوی كارمەند و كەلوپەلی خۆیان لە شارەكە گواستۆتەوە. پاشان ئەنجومەنی شاری سلێمانی بەسەركردایەتی شێخ قادر دروستكراوە و لەڕێگەی پێكهێنانی هێزێكی كوردییەوە هەوڵدراوە ئەمنیەتی شاری سلێمانی بپارێزرێت. ئەوەی جێگەی تێبینیە ڕۆژنامە باسی لە هەندێك لەو سەرۆك عەشیرەتە كوردیانە كردوە كە ئەو كات سەر بە توركەكان بون هاتونەتە ناو شاری سلێمانی لەوانە كەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند لە ڕۆژی 6ی ئەیلولی 1922 چۆنە ناو شاری سلێمانی. ئەمەش وەك نمایش و خۆدەرخستنێك وابوە بەرانبەر ئینگلیزەكان.

هەر لەم ڕۆژانەدا هەواڵی ئەوە هەبوە کە هەشت هەزار سەربازی تورک دێنە ناو شاری سلێمانی و دەست بەسەر شارەکەدا دەگرن(بڕوانە: بانگ کردستان، ژ 6، 18ی ئەیلولی 1922، 1-3). سەرەڕای قورسی بارودۆخی ئەوکاتی سلێمانی و هەڕەشەی تورکەکان بۆ دەستگرتن بەسەر شارەکەدا، ڕەفیق حلمی کە خۆی ئەوکات لەسلێمانیدا ژیاوە، باسی لەوە کردوە کە شێخ قادری برای شێخ مەحمود و ئەنجومەنی شار توانیان بارودۆخی شاری سلێمانی ڕابگرن و نەهێڵن هیچ شتێک ڕوبدات تا گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە 30 ئەیلولی 1922(حلمی، 2003، 315 ودواتر).

ڕاستیەکەی کاتێک بەوردی تەماشای ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان دەکەی وەکو دو ڕۆژنامە دێتە پێش چاو، لە ژمارە یەک تاوەکو ژمارە نۆ وەک زمانحاڵی جەمعیەتی کوردستان هەواڵی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە ژمارە دە تاوەکو ژمارە سێزە، ڕۆژنامەکە گۆڕاوە بۆ زمانحاڵی ئەو حکومەتە کوردییەی کە لەدوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود، لە سلێمانی لە 10ی تشرینی یەکەمی 1922 پێکهاتوە و تەنانەت ناوی هەمو ئەندامانی حکومەتیش لەناو ڕۆژنامەکە بڵاوکراوەتەوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی شێخ مەحمود لەسەرەتای دەستپێکردنی حکومەتەکەی لە سلێمانی ئینگلیزەکان پاڵپشتیان کردوە، هەربۆیە بەرپرسانی ئینگلیز سەردانیان کردوە. ڕۆژنامەکەش بایەخی تایبەتی بەو ڕوداوانە دواوە، لەوانە سەردانکردنی مێجەر نۆئێل وەک وەکیلی مەندوبی سامی ئینگلیزەکان بۆ لای شێخ مەحمود(بڕوانە: ژمارە 10، 15ی تشرینی یەکەمی 1922، 1-2). دوای ئەوەی ڕۆژنامەکە لە ژمارە دەوە دەگۆڕێت بۆ زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود لە سلێمانی، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەکە بایەخی بەکاروباری ناوخۆ داوە لەوانە سەردانیکردنی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ لای شێخ مەحمود و ڕێنمایيە ئیدارییەکانی حکومەتی شێخ و مەسەلەی خوێندن لە سلێمانی و هتد(بڕوانە: ژ12، 27ی تشرینی یەکەمی 1922، 1-2؛ ژ13، 3ی تشرینی دوەمی 1922، 1-2). کەواتە دەرچونی بەشێک لەژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەوێتە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمودەوە(جەباری، 1970، 84). دوای دەرچونی ژمارە سێزەی ڕۆژنامەی بانگ کوردستان لەسەردەمی شێخ مەحمود، ئیتر ڕۆژنامەکە وەستاوە، لەبری ئەم ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان دەرچوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕۆژنامەی بانگ کوردستان بە سێ خول دەرچوە، ئەویش بەم شێوەیە:

خولی یەکەم: لەم خولەدا ڕۆژنامەکە لە 2ی ئاب تاوەکو بەرواری 3ی تشرینی دوەمی 1922 سێزە ژمارەی لێدەرچوە، کە بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە. پێنج ژمارەی لەماوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکان لەسلێمانی، دەرچوە، لە ژمارە شەش تا نۆ دوای کشانەوەی ئینگلیزەکان لەسلێمانی و لەماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی میللی بەسەرکردایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحمود دەرچوە، بەڵام لە ژمارە دە تاوەکو سێزە لەماوەی فەرمانڕەوایی حکومەتی دوەمی شێخ لە سلێمانی دەرچوە(شێخ حسن، 2009، 244). لەم ماوەی دەسەڵاتی

ئینگلیزەکان لەسلێمانی ڕۆژنامەکە لایەنگری ئینگلیزی کردوە و دژی سیاسەتی تورک کاری کردوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئینگلیزەکان پاڵپشتی ڕۆژنامەی بانگ کوردستانیان دژی تورکەکان کردوە(بانگ کردستان، ژ 4، 28 ئابی 1922، 1-2؛ علی، 2003، 394-395). لەماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی میللیشدا بەسەرکردایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحمود، بەهۆی دژایەتی تورکەکان لەلایەن ڕۆژنامەی بانگ کوردستانەوە، مستەفا پاشای یامولکی لەلایەن لایەنگرانی تورکەکان لە سلێمانی کە تورکخوا یان بە جلخوارەکان ناسرابون دەستگیر کراوە، پاشان بەهۆی هەوڵەکانی شێخ قادرەوە ئازاد کراوە(بڕوانە: بانگ کردستان، ژ 6، 18 ئەیلولی 1922، 4، ڕەفیق حلمی، 2003، 316). لەلایەکی تر لەماوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموددا وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردوە، ڕۆژنامەکە زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوە، لەم قۆناغەدا لە ژمارە دە تاوەکو ژمارە سێنزەی، بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی کوردستان، سیاسەتی ڕۆژنامەکە گۆڕاوە بۆ لایەنگری حکومەتی شێخ مەحمود و زمانحاڵی ئەو حکومەتە کوردییەی کە لەدوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود، لە سلێمانی لە 10ی تشرینی یەکەمی 1922 پێکهاتوە(6) (بڕوانە: بانگ کردستان، ژ 10، 15ی تشرینی یەکەمی 1922، 1-2؛ ژ12، 27ی تشرینی یەکەمی 1922، 1-2؛ ژ13، 3ی تشرینی دوەمی 1922، 1-2). لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەی بانگ کوردستان لەڕێگەی مستەفا پاشای یامولکیەوە بەردەوام بوە لە نوسین لە دژی تورکان و هۆشداری دەداتە شێخ مەحمود لە نزیکبونەوەی لە تورکەکان(بڕوانە: بانگ کردستان، ژ11، 20 تشرینی یەکەمی 1922، 1-3). لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەکە لە ژمارە سێزەوە لە دەرچون وەستاوە و لەجێگەی ئەم ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان دەرچوە، هەرچەندە لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان وەستانی ڕۆژنامەی بانگ کوردستانی گەڕاندۆتەوە بۆ سەرقاڵی مستەفا پاشای یامولکی خاوەنی ڕۆژنامەکە بەئیشوکاری میریەوە(بڕوانە: روژ کوردستان، ژ 1، 15 تشرینی دوەمی 1922، 1)، بەڵام لەبنەڕەتدا هۆکاری سیاسی لەپشت ئەم کارەوە بونی هەبوە، بەگوێرەی ئاماژەی سەرچاوەیەک لایەنگرانی تورکەکان لە سلێمانی لەپشت ئەم کارەوە بون(بڕوانە: ئەمین، 2013، 269؛ ساڵح، 2019، 145).

خولی دوەم: لەم قۆناغە پاش تێکچونی دوەم حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە 3ی مارسی 1923، ژمارە چواردەی خولی دوەمی ڕۆژنامەی بانگ کوردستان جارێکی تر لەبەرواری 8ی حوزەیرانی 1923دا دوبارە لەلایەن مستەفا پاشای یامولکیەوە دەرچۆتەوە، سیاسەتی ئەم ژمارەیە تەواو جیاوازە، لەم ژمارەیەدا هەست بەهاوسۆزیەکی تەواو لەگەڵ ئینگلیزدا دەکرێ وبەرگری لەبونی ئینگلیز لە ناوچەی سلێمانی کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی بەرانبەر دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقیش گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتوە، دەکرێت ئەو هەواڵەی لەلاپەڕەی دوەمی ڕۆژنامەکە بەناوی (تشریف هیئت) بڵاوکراوەتەوە بە نمونە بهێنینەوە، لەهەواڵەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەهەوڵ و هیمەتەمی حکومەتی

بەریتانیا ئارامی و ئاسایش بۆ شاری سلێمانی گەڕاوەتەوە، هاوکات سەردانی عبدالمحسن سعدونی(1879–1929) سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی حکومەتی عێراق و ژمارەیەک کاربەدەستی هێزەکانی ئینگلیزی بۆ سلێمانی بڵاوکردۆتەوە. لەهەواڵەکەدا بەڕێزەوە ناوی سەرۆک وەزیرانی عێراقی هێناوە و ئاماژەش بەوە کراوە لەلایەن پیاوماقوڵان و خەڵکی شارەوە بەڕێزەوە پێشوازی لێکراوە (بڕوانە: بانگ کوردستان، ژ 14، 8ی حوزەیرانی 1923، 2). وادیارە ژمارە چواردەی گۆڤارەکە لەکاتێکدا دەرچوە مستەفا پاشای یامولکی لە شێخ مەحمود جیابۆتەوە. دوای ئەوەی شێخ لەتورکەکان نزیکبوەوە، ئەمە وایکرد شێخ زیاتر لەتوێژی ڕۆشنبیرەکان کە بە منەوەرەکان ناسرابون دورکەوێتەوە، چونکە منەوەرەکان دژی سیاسەتی تورک بون لە کوردستان. ڕەفیق حلمی لەم بارەوە نوسیویەتی "بەهاندانی تورکخواکان و تاقمی ئۆزدەمیر، مستەفا پاشا زو لە شێخ مەحمود دورخرایەوە"(حلمی، 2003، 336). نوسەرێکی تر لەم بارەیەوە باسی لەوە کردوە بەهاندانی گروپە خێڵەکیەکانی دەوری شێخ مەحمود هەڕەشەی جۆراوجۆر لە توێژی منەوەران لەنێویاندا مستەفا پاشای یامولکی کراوە(شەریف، 2022، 29). کەواتە سیاسەتی جیاوازی ئەم ژمارەیە لەچاو ژمارەکانی پێشتر دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی کە ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچوە، ئەوەش دوای دەرپەڕاندنی شێخ مەحمود لە سلێمانی لە 3ی ئاداری 1923 لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، بۆیە کاتێک شێخ مەحمود دەستی بەخەباتی چەکداری دژی ئینگلیز کردوە، مستەفا پاشای یامولکی ئەو شەڕەی بە شەڕێکی دۆڕاو دەزانی، بۆیە پاڵپشتی شێخ مەحمودی نەکردوە(ئەمین، 2013، 305).

خولی سێیەم: هەرچەندە ژمارەکانی ئەم خولە کە لەساڵی 1926دا دەرچوە ناچێتە ناو چوارچێوەی ماوەی توێژینەوەیەکەمان، بەڵام پێویستە ئاماژەی پێ بکەین. لەم خولەدا لەساڵی 1926 ڕۆژنامەی بانگ کوردستان سێ ژمارەی لەشاری بەغدا لەلایەن مستەفا پاشای یامولکیەوە لێ دەرچوە، دوای ئەم سێ ژمارەیە ئیتر ڕۆژنامە بەتەواوی لەدەرچون وەستاوە هیچ ژمارەیەکی تری لێ دەرنەچوە(بطی، 1976، 96؛ هەروەها بڕوانە: ساڵح"ئامادەکار"، 2001، 12). ئەوەی تێبینی دەکرێ سیاسەتی نوسینی ڕۆژنامەکە لەم سێ ژمارەیەدا لەچاو سەردەمی پێشوتر تەواو جیاوازە. ئەم سێ ژمارەیە دوای بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بە لکاندنی باشوری کوردستان بەعێراقەوە دەرچوە، لەبەر ئەوە ڕۆژنامەکە لەم قۆناغەدا لەپێناو هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد و پتەوکردنی دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب و، هەوڵدان بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە برایانی عەرەب کاری کردوە(شیخ حسن، 2009، 246؛ ساڵح، 2019، 215).

## 2-3: ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان(روژ کوردستان)

دوای هاتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی لەساڵی 1922 و جێگیربونی دەسەڵاتەکەی ئەم ڕۆژنامەیەی لە سلێمانی دەرکرد، ئەمەش بەیەکەم ڕۆژنامە دادەنرێت کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن شێخ مەحمودەوە دەرکرابێت، خاوەن ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە شاعیر شێخ نوری شێخ ساڵح بوە، یەکەم ژمارەشی لە 15ی تشرینی دوەمی ساڵی 1922دا دەرچوە(بڕوانە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە لە پاشکۆی ژمارە (1). ئەم ڕۆژنامەیە وەکو ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی خۆی ناساندوە، کە هەفتانە یەک ژمارەی لێدەرچوە. لەدیارترین نوسەرەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆشنبیرەکانی ئەو کاتی سلێمانی و کوردستان بون، لەوانە: ڕەفیق حلمی، عارف صائب، حوسێن نازم بەگ، ساڵح زەکی ساحێبقەڕان، ئەحمەد خواجە، علی کمال بابیر ئاغا، زێوەری شاعیر، سەعید زەکی و ئەحمەد فەوزی و چەندانی تر(البیاتی، 2007 ، 240). ئەم ڕۆژنامەیە وەک زمانحاڵی حکومەتی دوەمی شێخ مەحمود بوە لە سلێمانی و، تاوەکو جێهێشتنی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحمودە لە 3ی ئاداری 1923 لەدەرچون بەردەوامبوە و پانزە ژمارەی لێدەرچوە(زکی، 1939 ، 372؛ ساڵح"ئامادەکار"، 2001، 11–12؛ البیاتی، 2007 ، 241). ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان جێگەو پێگەی گرنگی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە، ئەمە جگە لەوەی ڕۆژنامەکە تۆمارێکی بەنرخە بۆ ڕوداوەکانی سەردەمی خۆی، لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونی بژاردەی کوردە لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیدا(ئەمین، 2013، 287). هەروەها ئەگەر تەماشایەکی ناوەڕۆک و بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بکەین، دەبینین چەندین بابەتی جیاوازی لەخۆگرتوە. بۆ تێگەیشتنی ورد لەبارەی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە، بابەتەکان بۆ سەر چەند باسێکی سەرەکی دابەش دەبن لەوانە:

### 1-2-3: وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەکانی (العراق) و (دجلە)

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان کە بەرچاومان دەکەوێت هەڵوێست و وڵامدانەوەی رۆژنامەکەیە بەرانبەر هەوڵوێست و نوسینی ڕۆژنامەکانی عێراقە بەرابنەر کورد و ئیدارەی شێخ مەحمود لە سلێمانی، لە ژمارە یەکی ئەم ڕۆژنامەیە دەستی کردوە بە وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەی (العراق)ی(7) زمانحاڵی حیزبی (الحر العراقی)(8) کە لە ژمارەکانی 738 و 743 باسی لەوە کردوە پێویستە سلێمانیش وەکو پارێزگایەکی عێراق مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەهۆی ئەوەی ئەو شارە لەڕوی ئابوری و بازرگانیەوە تەواو بە بەغداوە بەستراوەتەوە، ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان بەتوندی بەرپەرچی ئەو قسانەی داوەتەوە و دەڵی دەبێ ئێمە وەکو دو دراوسێ ڕێزی یەکتر بگرین. ئەمە جگە لەوەی ئەم ڕۆژنامەی رۆژ کوردستان ئاماژەی بەوەش کردوە ئەو کەسانەی ئەو قسانە دەکەن دوژمنی عەرەب و پاشای عێراقن.

لەدرێژەی قسەکانیدا ڕۆژنامەکە دەنوسێت و دەڵێت: "تشکیلی حکومت کوردستان لەهمو خصوصیکەوە صد هزاران خیروخوشی بو عراق تیدایە، ... بقای موجودیتی عراق هر بە واسطە بقای حکومتی کوردستانە"(رۆژ کوردستان، ژ 1، 15 تشرینی دوەمی 1922، 1-2). هەروەها ڕۆژنامەکە ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە هۆکاری دروستبون و بەردەوامی حکومەتی کوردستان کە مەبەستی حکومەتەکەی شێخ مەحمودە لە سلێمانی هەر بەهۆی بەریتانیایە و ئاسۆی سیاسی ئەو حکومەتەش بەیارمەتی و پاڵپشتی ئەوان ڕونە، وەک لەم بارەوە نوسیویەتی و دەڵێت: " ایستا کە صد شکر خدا شومانی روژ کردوتەوە و بە واسطە معاونت و مساعدت حکومت فخیمە بەریتانیاوە آفاق سیاسیمان پاوک روناکە".(ڕۆژ کوردستان، ژ 1، 15 تشرینی دوەمی 1922، 2). وادیارە ئەمە دانپێدانانێکی ڕونی ڕۆژنامەکەیە بەو ڕۆڵە گرنگەی بەریتانییەکان هەیانبوە لە دروستبون و بەردەوامی حکومەتەکەی ئەوکاتی شێخ مەحمود.

وادیارە دیسان ڕۆژنامەکە دو لاپەڕەی ژمارە سێی تەرخان کردو بۆ بەرپەرچدانەوەی بابەتێکی تری ڕۆژنامەی (العراق)، تێیدا باسی لەوە کردوە کە میللەتی کورد ئارەزوی ئازادی دەکەن و کورد و عەرەب دو میللەتی بران و ئاینی ئیسلامیش زیاتر بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی رۆژ کوردستان ئاماژەی بەوەش کردوە کە دەبێ ئەوە ڕاستیەش بزانین کە  کورد کوردە و عەرەبیش عەرەبە، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ئێمە وەکو کورد پێشکەوتنی عێراق بەئاوات دەخوازین و پێویستە ئەوانیش پێشکەوتنی ئێمە بەئاوات بخوازن(بڕوانە: رۆژ کوردستان، ژ 3، 29 تشرینی دوەمی 1922، 1-2)، ئەوەی لێرەدا دەیبینین ڕۆژنامەی رۆژ کوردستان بەزمانێکی جوداخوازی قسەی کردوە و داوا دەکات کەوا عەرەب سەربەخۆیی کورد قبوڵ بکەن، ئەمە جگە لەوەی بەڕونی باس لەوە کراوە کە ئەگەر سەربەخۆیمان بۆ فەرام بکرێ میللەتی کورد دەبێتە ئەندامێکی کارای کۆمەڵگەی ئیسلامی و هۆکارێکیش دەبێ بۆ ئارامی جیهانی ئیسلامی، ئەگینا پێچەوانەکەی ڕاستە( بڕوانە: رۆژ کوردستان، ژ 3، 29 تشرینی دوەمی 1922، 1-2).

هەر سەبارەت بە هەڵوێستەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان، لە ژمارەکانی دواتریشدا درێژەی بەو پرسە داوە لە بەدواداچونەکانی بۆ ڕۆژنامەکانی عێراق، بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی حیزبی حوڕی عێراق بەردەوام بوە. لەم بارەشەوە ژمارەی ڕۆژی چوارشەممەی بەرواری (6ی کانونی یەکەمی 1922) کە بەهەڵە لەبری ژمارە (4) جارێکی دیکە ژمارە (3) نوسراوە، لەلاپەڕە یەکەمیدا بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (دیسان حزب حر عراقی) لەنوسینی عارف سائیب بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتوە، لە هەردو ژمارە (316) و (341)ی ڕۆژنامەی دجلەدا(9)، باسی لەوە کردوە کە ئەوان سلێمانی بە لیوایەکی عێراقی دادەنێن و سلێمانی خراوەتە چوارچێوەی هەڵبژاردنەوە و بۆ هەمیشە لە عێراق جیاناکرێتەوە. ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان بەتوندی وەڵامی ڕۆژنامەی دجلەی دەداتەوە کە باسی لەوە کردوە کە لە هەمو عێراقدا تەنها سلێمانی کوردستانە و لەم

بارەوە نوسەر عارف سائیب زیاتر دەنوسێ و دەڵێت: " لەهمو عراقدا کە بە اعتبار نفوس و طبیعت نزیکی نیوە کوردە تنها سلیمانی بە کوردستان قید و قبول کردوە، کەچی خوی وکو ایمە ازانی کە حدود طبیعە کوردستان لە کویەوە تا کویی داگیر کردوە، ... بلی ایمە حدود و حقوق خومان ازانین ابی خلقیش حق و حد خوی بناسی، ... کوردستان قط داخل عراق نیە. چونکە عراق عرب و عراق عجم هیە کوردستان ناچیتە خریطە هیچ عراقیکەوە ناوی خوی بەخوی بەخویەوەیتی(ڕۆژ کوردستان، ژ4، 6 کانونی یەکەمی 1922، 1-2). وادیارە پەیامی ڕۆژنامەکە ڕونە، کە کوردستان بە سەربەخۆ لەقەڵەم دەدات و دەیەوێ کوردستان لە عێراق جیا بکاتەوە و تەنانەت لە هەمان ژمارە و لەدرێژەی پەیامەکەیدا باسی لەوە کردوە کەو ئەوان هیوای بەختێکی باش بۆ هەردو حکومەت و میللەت دەخوازن کە مەبەستی حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردییە لە سلێمانی، وەک دەڵێت: " ... ایمە بەهمو موجودیت خومانەوە حظ بە دوستی و برایەتی و سعادت ام دو حکومت و ملتە اکەین(رۆژ کوردستان، ژ3، 6 کانونی یەکەمی 1922، 2). دوای ئەوەی شێخ مەحمود لە 10ی تشرینی دوەمی ساڵی 1922 خۆی وەکو مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند، ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستانی زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، کوردستان وەک سەربەخۆ لەعێراق دەناسێنێ و، کوردستانی وەکو دراوسێی عێراق باس کردوە، داوای کردوە تەواوی ناوچە کوردییەکان بخرێتە سەر ئیداری کوردی(عثمان، 2003، 420).

## 2-2-3: چارەنوسی باشوری کوردستان و کێشەی ویلایەتی موسڵ

وادیارە ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان بایەخێکی گرنگی داوە بە چارەنوسی کوردی عێراق و حکومەتی ئەو ڕۆژگارەی کورد لە سلێمانی کە شێخ مەحمود سەکردایەتی کردوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند وتارێکی لەم بارەوە نوسیوە. لەوانە نوسەر عارف صائب(1892-1961) ئەوەی نەشاردۆتەوە کە هەرچەندە حکومەتی کوردستان بونی خۆی سەپاندوە، بەڵام ئەم حکومەتە هێشتا چاوی لە سیاسەتی دەرەوەیە کە پاڵپشتی بکات، بیگومان مەبەستیشی ئەوەیە کە حکومەت چاوی لە بەریتانییەکانە تا پاڵپشتیان بکەن، وەک لەم بارەوە دەنوسێت: "حکومت کوردستان کە امرو شکر لە عالم بشریت ناونشانیکی و خوی پیدا کردوە... ذاتا چاومان لە آفاق و جریان سیاست دەرەوەیە"(صائب، رۆژ کوردستان، ژ 5، 20 کانونی یەکەمی 1922، 3-4). بێگومان ئەوەی لەم وتارەدا ڕونە ئەوەیە، کە حکومەتەکەی شێخ حەحمود پاڵپشتی بەریتانییەکانی بەلاوە گرنگ بوە تا بەردەوام بێت.

وادیارە کێشەی ویلایەتی موسڵیش کە خۆی دەبینیەوە لە چارەنوسی کوردستای باشور، بەیەکێک لەو بابەتانە دادەنرێ کە ڕۆژنامەکەدا بایەخی دیاری پێداوە، ڕاستیەکەی هۆی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە چارەنوسی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بەو کێشەیەوە بەسترابوەوە، هەربۆیە نوسەرانی ڕۆژنامەکە یابەخی

تایبەتیان بەو کێشەیە داوە، ئەوەتا نوسەر م.نوری لە بابەتێکدا بەناوی "ولایەتی موصل لە لوزاندا" لەم بارەوە باسی لەوە کردوە کە هەرچەندە زۆرینەی ویلایەتی موسڵ کوردن، کەچی لە کۆنگرەی لۆزاندا بەناوی ئاشورییەکانەوە داوای حکومەت کراوە، وەک باسی لەوە کردوە کە ئەوان لەو ڕۆژگارەدا وەکو کورد خاوەن حکومەتی خۆیان و توانیویانە بونی خۆیان بسەلمێنن، کە بێگومان لێرەدا مەبەستی حکومەتەکەی شێخ مەحمودە لە سلێمانی، هەروەها نوسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان وەکو کورد لەو ڕۆژگارەدا خاوەنی حکومەتێکن و حکومەتی کوردی لە سلێمانی خەریکی ڕێکەوتنە لەگەڵ بەریتانییەکان، بۆیە دەبێ مافی کورد لەبەر چاو بگیرێ. هەروەها نوسەر باسی لەوەش کردوە کە داواکاری ئەوان لە کۆنگرەی لۆزان ئەوەیە کە مافی ژیان و سەربەخۆی بۆ میللەتێکی گەورەی وەک کورد لەبەرچاو بگرن، نوسەر زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "امجارە لە مجلس لوزان امید وا دەکین کە کردستانیکی مستقل لە داخل حدودیکی جغرافی وطبیعیدا بومان تشکیل بکات وهمو نوعی حقوقی مشروعە و حق حیاتمان بداتی"(م.نوری، رۆژ کوردستان، ژ 6، 27 کانونی یەکەمی 1922، 1-2). لەهەمان ژمارەدا و هەمان نوسەر بابەتێکی تری نوسیوە بەناوی (ولایت موصل لەبین 3د1) وادیارە مەبەستی کێشەی ویلایەتی موسڵە لەنێوان عێراق و تورکیا و بەریتانیادا، نوسەر باسی لەوە کردوە کە تورکیا داوای ویلایەتەکە دەکاتەوە بەبیانوی ئەوەی کە گوایە هەڵکەوتەی ویلایەتەکە پاشکۆ و تەواوکەری ناوچە عەرەبیەکان نییە و زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکەش کوردن، بۆیە پێویستە بدرێتە تورکیا، ئەمە جگە لەوەی نوێنەری ئاشوریەکانیش بانگەشەی ئەوەی کردوە کە ویلایەتی موسڵ ویلایەتێکی ئاشورییە و داوایان کردوە حکومەتێکی ئاشوری لەو ویلایەتەدا دابمەزرێ، بەڵام نوێنەری عێراق جەعفەر عەسکەری(1885-1936) ئەم داواکاریانەی ڕەتکردۆتەوە، ئەوەی ڕاگەیاندوە کە ئێستا ئیدارەیەکی سەربەخۆ دراوە بە کوردستان و کوردەکان خۆیان حکومەتێکیان دامەزراندوە، حکومەتی عێراق ویلایەتی موسڵی وەک بەشێک لەعێراق حیساب کردوە، وە نوێنەری عێراق ئاماژەی بەوەش داوە کە کوردەکان ئێستا حکومەت و مەلیکی خۆیان هەیە کە ئەویش مەلیک مەحمودی یەکەمە، بۆیە هیچ حکومەتێک مافی ئەوەی نییە داوای ئەو ناوچەیە بکاتەوە. هەروەها نوسەر جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ئەو ڕۆژگارەی تێیدا دەژین زۆر گرنگە، دەبێ داوای مافەکانیان بکەن و بۆ مافی نەتەوەیی کورد تێبکۆشن(م.نوری، رۆژ کوردستان، ژ 6، 27 کانونی یەکەمی 1922، 3-4).

یەکێکی تر لەو بابەتە گرنگانەی کە لە ڕۆژنامەکەدا بەرچاو دەکەوێ وەڵامدانەوەی بابەتێکی ڕۆژنامەی نەجمەیە کە لە ڕۆژنامەی (العراق)ەوە وەریگرتوە دەربارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ. وەک ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان بۆمان دەگوازێتەوە کە ڕۆژنامەی نەجمە نوسیویەتی: لە ولایتی موسلدا 60000 نفوس عربی تیدایە وجنوب موصلیش کاملا عربە، او تورکمانە کە لە ولایتی موصلدا زور کمن علاقەیان بە کورد و

کوردستانەوە نیە و بلکو کوردیش اصلا تورکن. سلیمانی کە الین بیعتی بە ملک فیصل نکردوە تکذیبی اکین(م. نوری، ڕۆژ کوردستان، ژ 10، 24 کانونی دوەمی 1923، 1). ڕاسیتەکەی ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان لەم بارەوە بەزمانێکی توند وەڵامی ڕۆژنامەی نەجمەی داوەتەوە. باسی لەوە کردوە کە ئەم قسانەی ڕۆژنامەکە سەرلەبەری هەڵبەستراوە و بەتوندی ڕەتی دەکەینەوە. ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان لە وەڵامی ڕۆژنامەی نجمە و العراقدا نوسیویەتی: "لە ولایتی موصلدا کوردستان بە تنها سلیمانی دراوتە قلم وانیە بالعکس غیری قصبە ملحقات موصل کاملا کورد و کوردستانە، عقرە، زاخو، دهوک، بارزان، عمادیە، اربیل، کرکوک، کفری و سائرە ملحقاتی امانە و عشایر اطرافیان چین و بە چ زبانیک قصە اکن؟. غیری قصبە موصل کە لە چاو ام ولایتەدا اقلیت تشکیل اکا هیچ موقعیکی تر شک نابم کە کورد نبی... او تورکانە کە لە ولایت موصدا ساکنن و بەتورک ناوبراون عرقا اخلافا طبیعأ کورد و داخل خریطە کوردستانن و لبر اوە کە علاقە و مربوطیت محیطیەیان لە کل کوردستاندا هیە هیچ قوتی جیای ناکاتەوە. لەوقتی خویدا بو تابیعت و عدم تابیعت سلیمانی بە عراق اسر اوراق مطبوع رسما لە اطراف حکومت فخیمە بەریتانیاوە لە همو افراد اهالی پرسیار کرا هیچ کس ام بیعتە لاباش نبو". نوسەری ئەم بابەتە لەبارەی بونی عەرەب لە کوردستان درێژە بە بە قسەکانی دەدات دەڵێت: " لەکل اوشدا مرکز خلافت عباسیەکانیش بغدا بو کە لە کل کوردستاندا مناسبتیکی زوری اقتصادی و محیطیان هەیە بم رنگە زمان عربی و تورکی لە بغداوە و نازانم لە کوی وە وردە وردە سرایتی کردە کوردستان والا اتوانم بلیم لە شرق دجلەوە ختا اراس باعتبار و اساس کورد و کوردستانە(م.نوری، ڕۆژ کوردستان، ژ 10، 24 کانونی دوەمی 1923، 2).

لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان دژی لکاندنی باشوری کوردستان بوە بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەڵام هەندێجار هەواڵی کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی بڵاوکردۆتەوە، وەک لە ژمارە (5)دا هەواڵێکی کورتمان سەبارەت بە حەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری ئەوکاتی عێراق بۆ دەگوازێتەوە تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کەناوبراو بۆماوەی دو مانگ لە بەریتانیا دەمێنێتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ پرسی تایبەت بە عێراق( ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان، ژ5، 12 کانونی یەکەمی 1922)

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لە ژمارەی 7ی ڕۆژنامەکەدا چاومان پێیدەکەوێت بریتیە لە بەیاننامەیەک کە شێخ مەحمود بەناوی خۆیەوە وەک موژدانە بڵاویکردۆتەوە بەناوی(تبشیر)، لەناوەڕۆکەکەیدا هاتوە: "بنا بە تلغراق کە لە مرخص کوردستان لە بغداوە هاتوەجناب کابتن چپمن و وکیل مندوب سامی حکومت متبوعەیەوە تبریک استقلالیت کوردستانی کردوە، ایمەش تبریک و اعلان ام سعادتە مبارکەی قوم کورد اکین. و لە مقابلی او لطف و مرحمتە کە حکومت فخیمە درحق بم ملتە بچکولەی کوردە عرض تشکرات و

ممنونیت حکومت فخیمه بەریتانیا اکەین و امید استرحام اکەین که لمولاش له همو خصوصیکەوه بۆ ترقی و تعالی کوردستان همراهی معاونتمان بفرمویت"(ڕۆژ کوردستان، ژ 7، 3ی کانونی دوەمی 1923، 1).

ئەم بەیاننامەیه له بنەڕەتدا بەیاننامەیەکی هاوبەشی نێوان حکومەتی بەریتانیا و عێراق بو بۆ سەلماندنی مافەکانی کورد له چوارچێوەی عێراقدا. ئیدمۆندس(10) که ئەفسەرێکی باڵای ئەوکاتی بەریتانییەکان بوه و له عێراقدا کاری کردوه، له پەرتوکەکەیدا بەناوی (کورد تورک عەرەب)، ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی بۆمان گواستۆتەوه، که دەڵێت: "دەوڵەتەکانی بەریتانیا و عێراق مافی ئەو کوردانەی لەناو عێراقدا دەژین، بەدانانی دەوڵەتی کوردی، لەناو سنوری جوگرافیای باسکراودا بەڕەسمی دەناسن و هیوادارن کۆڕ و کۆمەڵە جیاوازەکانی کورد بەزوترین کات لەناو خۆیاندا شکڵ و شێوەی ئەو دەوڵەته دیاری بکەن، که دەیانەوێ تێیدا بژین و لەسەر سنورەکانی پێک بێن و نوێنەرانی بەرپرسی خۆیان بۆ گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی ئابوری و سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا و عێراق بنێرنه بەغدا"(ئیدمۆندس، 2004، 378). مێژونوسی ناوداری عێراقیش (عبدالرزاق الحسنی)، لەم بارەوه له پەرتوکی(تأریخ الوزارات العراقية)دا، لەبارەی ئەم بەیاننامەوه ئاماژەی بەوه کردوه، که دوای ئەوەی بابەتی ڕێکەوتنی تورک و ئینگلیزەکان له لۆزان هاته گۆڕێ خەونەکان کورد بۆ هێنانەدی دەوڵەتێکی کوردی بەتەواوی لەبارچو، لێرەوه بەریتانییەکان دەیانویست کوردستان به عێراقەوه بلکێن و مافەکانی کورد له چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق جێگیر بکەن، هەر له ڕێگەی ئەم بەیاننامەوه بتوانن جولانەوەکانی شێخ مەحمود لاواز بکەن و پاشان ڕایبگرن(الحسنی، 1953، ج1، 204؛ الحسنی، 2008، ج3، 307-308). وادیاره ئەم بایاننامەیەش نەیتوانی کێشەی کورد چارەسەر بکات، چونکه دوای بەیاننامەکه شێخ مەحمود وەفدێکی ناردە لای مەندوبی سامی بەریتانییەکان له عێراق، بەڵام ئینگلیزەکان ئامادە نەبون ئەو وەفدەی شێخ ببینن، چونکه ئەوه وەفدەیان بەوەفدی شێخ مەحمود دانابو نەک هەمو کورد(بڕوانه: سالح، 2006، 127-128). حەسەنیش لەم بارەوه گوتویەتی: "کەس گوێی لەم بەڵێنه فەرمییه نەگرت و ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبو"(الحسنی، 2008، ج3، 308).

## 3-2-3: ستایشی مەلیک مەحمود

وەک له تەوەری دوەمدا باس کراوه ئەم ڕۆژنامەیه زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوه له سلێمانی، بۆیه جێگەی سەرسومان نییه کاتێک بەناو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا گوزەر دەکەین چەندین بابەت دەبینین که بەشانوباڵی شێخ مەحمود و حکومەتەکەیدا هەڵدەڵێ، بۆ وێنه لەیەکێک له ژمارەکانیدا نوسەر خواجه ئەفەندی زادە نوسیویەتی: "امرو که حفید زاده (حضرت ملک محمود اول) زیده شوکته بو احیای دیانت و زیندوبونه وه ناو قومیت له کوردستاندا چند صدمه کوره و سراعات و ایساش چند خریکه تعقیبی ام غایەتش تنیا منفعتی شخصی و تزید شرف عائله نیه . چونکه شرف ذاتی خویان نه به سلطەوەیه

وە نە بە حکومتەوەیە . سعاتیک رابواردنی پیشویان بە سالیک حکمرانی بوە... با بە یکدنک هاوار بکەین پال بدەینە پال یک بو ادعای قومیت و کوم نەبونی حقوقمان حیاتمان فیدای ئەو غایەیە حضرت ملک کوردستان بکەین. و وطنەکمان لە ژیر شیلانی پی خلقی نجات بدەین(خواخە افندیزادە، ڕۆژ کوردستان، ژ 15، 3ی مارتی 1923، 1-2). یان بە بابەتێکی تردا ڕۆژنامەکە باسی لە دڵسۆزی شێخ مەحمود کردوە کە دوای ئەوە حکومەتی کوردی لە سلێمانی تەشکیل کراوە، لەلایەن حکومەتەوە موچە بۆ جەنابی مەلیک مەحمود بڕاوەتەوە، بەڵام جەنابیان بۆ یارمەتی خەزێنەی حکومەت بڕێک لە موچەکەیان بۆ حکومەت گەڕاندۆتەوە(بڕوانە: ڕۆژ کوردستان، ژ 1، 15ی تشرینی دوەمی 1922، 1-2). هەروەها لە بابەتێکی تردا نوسەر (م.نوری) ستایشی شێخ مەحمود دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە جەنابی مەلیک مەحمود هەمو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ و فیداکاری زۆری کردوە لە پێناوی خۆشبەخی میللەتی کورد، باسی لەوەش کردوە لە سایەتی جەنابی مەلیک و نیشتیمان پەروەرانەوە میللەتی کورد بەئازادی خۆی گەیشت، پاشان نزا و دوعای مانەوە و تەمەن درێژی بۆ مەلیک مەحمودی یەکەم دەکات(بڕوانە: ڕۆژ کوردستان، ژ 2، 22ی تشرینی دوەمی 1922، 1).

### 4-2-3: بایەخدان بەمافەکانی کورد

یەکێک لەو بابەتانەی کە ڕۆژنامەکە بایەخێکی گەورەی پێداوە و چەندین لاپەڕەی بۆی تەرخان کردوە، مەلەسەی مافەکانی کورد و نیشتیمان پەروەرییە، وادیارە هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردەواری پێویستی بەو جۆرە وتارانە هەبوە تا جۆش بدرێن و لەسەری پەروەردە بکرێن. هەروەکو نوسەر لەیەکێک لە ژمارەکاندا باسی مافەکانی کوردی کردوە کە بەئاسانی نایەتە دەست و میللەتی کورد دەبێ هەوڵی بۆ بدات و پێی وایە کە ئەو دۆخەی بەسەر کورددا هاتوە بەهۆی هەڵەی خۆیەوە بوە و دەبێ کورد خۆی چاک بکات، هەروەک دەڵێت: "کوابی تا سعی و غیرت بکین کمە تا ایستا خطا وکو لە خومانەوە بوە تعمیریش با لە خومانەوە بی"(رۆژ کوردستان، ژ 5، 20ی کانونی یەکەمی 1922، 2). جێگەی باسە مامۆستا نوری لە وتارێکی تردا بەناوی (لەفلاکت عبرت) هەر لەم بارەوە باسی لەوە کردوە کە بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانەوە میللەتی کورد ڕوبەڕوی نەهامەتی و فەلاکەتێکی گەورە بوەوە لەژێر پێی ڕوداوەکاندا توایەوە، هەر ئەمەش وایکردوە حکومەتی ئەوکاتی کوردستان لە سلێمانی کە بەمەستی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، سیاسەتی وایە کە بەشداری هیچ شەڕ و نەهاموتیەک نەکات، زیاتر چاوی لەسەر بەرەو پێشبردنی میللەتی کوردە، بۆیە نایەوی هیچ نەهامەتیەکی تر بەسەر میللەتی کورددا بێت، هەروەها ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەوان هیوادارن کە دەسەڵاتداران مافی ژیانیان بدەنێ و چیدیکە ڕێگە بە خوێن ڕشتنی کورد نەدەن، ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردوە کە میللەتی کورد خاوەن زمان و کەلتور

و مێژوی خۆیەتی چیدیکە نابێ ستەم قبوڵ بکات و دەبێ هەوڵی پێشکەوتنی خۆی بدات(م.نوری، ڕۆژ کوردستان، ژ 14، 24 شوباتی 1923، 1).

### 3-2-5: هاتنی سمکۆی شکاک بۆ سلێمانی

یەکێک لەو بابەتانەی کە لەم ڕۆژنامەیە گرنگی پێدراوە مەسەلەی هاتنی سمکۆی شکاکە بۆ سلێمانی، ئەوەش دوای ئەوەی ناوبراو لە خەباتی چەکداری دژی دەسەلاتدارانی ئێران سەرکەوتو نابێت، سەرەتا دێتە هەولێر و دواتر ئینگلیزەکان دەینێرنە لای شێخ مەحمود تاوەکو هانی شێخ مەحمود بدات لە تورکە کەمالیەکان دورکەوێتەوە، بەڵام سمکۆ لەم کارەی سەرکەوتو نەبو، بەڵکو سمکۆ و شێخ مەحمود زیاتر بونە دۆستی تورکەکان کە ئەوکات دەسەلاتێکیان لە ڕەواندز دروست کردبو و دژی ئینگلیزەکان تێدەکۆشان. دوای ئەوەی سمکۆ لەو مەبەسەتە سەرکەوتو نەبو، ئینگلیزەکان ئەویان ناچار کرد سلێمانی بەجێبهێڵێت(بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: تەقی، 1970، 62 ودواتر؛ ڕەفیق حلمی، 19).

ڕۆژنامەی ڕۆژ  کوردستان لە بابەتێکدا بەناوی(قهرمان کوردستان حضرت اسماعیل أغا – سمکۆ)دا، باسی لە مەراسیمی هاتنی سمکۆی شکاک دەکات بۆ سلێمانی لە بەرواری 8ی کانونی دوەمی 1923، بەجۆرێک مەراسیمی پێشوازیکردنەکەی وەکو مەراسیمی هاتنی سەرۆکێک بۆ سلێمانی پێشوازی لێکراوە و دەوامی فەرمی داخراوە و مەلیک مەحمود و وەزیرەکانی حکومەت و پیاوانی حکومەت و ڕۆشنبیران و خەڵکی هاتونەتە پێشوازی سمکۆی شکاک و دوکان و بازاڕەکان داخراوە، وەک لەم بارەوە نوسیویەتی: "روژی 8 کانونی ثانی 39 عموم دوائر حکومت تعطیل کرا اهالی دوکانیان هلگرت . عموم سادات کرام و مأموران عسکری و ملکی و رؤسا و اشراف و منوران و اهالی محترمه بو مراسم استقبال نزیکی نیو سعات به سواری و پیادە حرکت و رویان کردە ریکای استقبال و انتظار"(ڕۆژ کوردستان، ژ 8، 10 کانونی یەکەمی 1923، 4). ئەوەی جێگەی تێبینیە لەم مەراسیمی پێشوازیکردنەدا کابتن چپمن وەکیلی مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق ئامادە بوە، وەک لەم بارەوە دەڵێت: "جناب رئیس داخلیە لە کل جناب کپتان چپمن وکیل فخامت مندوب سامی دا بە اوتومبیل و سائر رؤسای حکومت قسما بە سواری قسما بە اوتومبیل تا ساعتی ریکا استقبالیان کرد"( ڕۆژ کوردستان، ژ 8، 10 کانونی یەکەمی 1923، 4). ڕاسیتەکەی هۆکاری سەرەکی بەشداری مەندوب لەم مەراسیمەدا هەر ئەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کە ئینگلیزەکان دەیانویست سمکۆ و شێخ مەحمود ڕێکبخەن بۆ ئەوەی پێکەوە بەرەنگاری تورکەکان ببنەوە لە ڕەواندوز.

ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان نامەیەکی سوپاسنامەی سمکۆی شکاکی بڵاوکردۆتەوە، ناوبراو سوپاسی خۆی ئاراستەی شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان و ئەندامانی حکومەتەکەی و ئەشراف و پیاو ماقوڵان و

خەڵكی كردوه، بەهۆی ئەوەی لەكاتی هاتنی بۆ سلێمانی بەگەرمی پێشوازی لێكردوه، وەک سمكۆ لە نامەكەیدا نوسیویەتی: "لەسر دعوت و اراده خضرت جلالت مللك ملك كوردستان و سيد السادات جناب (ملك محمود أول) دام شوكته بەكمال شوق و شطارتەوه بو كسب شرف زيارت حضرت حضرت ملك معظم هاتمه سليماني... له مراسم استقبالدا له طرف جناب رئيس الرؤسا و سادات كرام رؤسا و مأموران عسكری و ملكی حكومت و اشراف و منوران و اهالی كوردستانەوه درحق به شخص من روا بينرا كلی متشكر و مفتخرم".(سمكۆ، ڕۆژ كوردستان، ژ 8، 10 كانونی یەكەمی 1923، 3).

## 6-2-3: بایەخدان بە بابەتی خوێندن و قوتابخانەكان

دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان لە كۆتایی ئەیلولی ساڵی 1922 و دەستپێكردنی فەرمانڕەوایی دوەمی شێخ مەحمود، لەم حكومەتەدا تازەیەدا كاروباری خوێندن پشتگوێ نەخراوه و وەزارەتێكی تایبەتی بۆ تەرخان كراوه، بەناوی وەزارەتی مەعاریف و وەزیرەكەشی مستەفا پاشای یامولكی بوه(بڕوان: بانگ كوردستان، ژ 10، 15ی تشرینی یەكەمی 1922، 5؛ هەروەها بڕوانە: حلمی، 2003، 327). بەگوێرەی زانیاری یەكێك لە سەرچاوه مێژوییەكان لە سەردەمی دوەم حكومەتی شێخ مەحموددا چوار قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانیدا هەبوه، ئەوانەش قوتابخانەكانی قادریه و ڕەئوفیه و لەتیفیه و مەحمودی بون(خواجه، 2013، 91؛ ڕەشه، بێ ساڵی چاپ، 450–451). لەو ڕۆژگاره لەبەر بونی چەندین قوتابخانه لە شاری سلێمانی و پەرەسەندنی بواری خوێندن، لە ڕۆژنامەی ڕۆژ كوردستاندا بایەخی تایبەت بەبواری خوێندن دراوه و داوای پێشخستنی كراوه، هەروەها ڕۆژنامەكە داوای كردوه خوێندن و سەنعەت پێكەوه بایەخیان پێبدرێ و زیاتر پێش بخرێن، وەک لەم بارەوه نوسیویەتی: "امرو ايمه له همو شت زياتر محتاج معارف و صنايعين ام دو چرای سعادته به تنها دەستيک هلنا گيرسی"(ڕۆژ كوردستان، ژ 12، 10ی شوباتی 1923، 1). لەلایەكی ترەوه یەكێك لە نوسەرانی ڕۆژنامەكە لە بابەتێكدا بەناوی "احتياجمان چيه"، باسی لەوه كردوه كە یەكەم پێویستی ژیانی مرۆڤ خوێندنه، هەروەها نوسەر جەخت لەسەر ئەوەش دەكاتەوه كە پێویسته خۆشەویستی نیشتیمان لە قۆناغی سەرەتاییەوه فێری مناڵەكان بكرێ، وەک لەم بارەوه دەڵێت:" اول احتياجمام معارفه، چونكه لای همو كسيک مسلمه معارف ؛ بو حيات مستقبل مسلح و مجهز اوردويک حاضر دكات. اميش كه به واسطه مكاتب ابتدائيەوه دەبيت، معارف زيندگی و حق ژيان به ملت پخش دكات... له نظر عمومدا محب وطن به ام نوعه كه له مدرسيكی مخصوصەوه لازمه له مكاتب ابتدائيەدا تلقين و تدريس بكری"(م.قدری سعيد زكی، ژ 13، 17ی شوباتی 1923، ل 2–3).

لەلایەكی ترەوه لەم ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەوه داوا لە حكومەت كراوه كە هەوڵبدات كە قوتابخانەی پیشەسازی لە سلێمانی بكرێتەوه وەک ئەوەی لە لیوای كەركوک لەو ڕۆژگارەدا هەبوه، بۆیه داوای ئەم

قوتابخانەیە کراوە بۆ ئەوەی بواری پیشەسازی بەرەو پێشەوە بەرێ و تاوەکو منداڵەکان لە قوتابخانەوە فێری سەنعەت ببن، چونکە ئەوکات پیشەسازی لە شاری سلێمانی دواکەوتو بوە، وەک نوسەر لەم بارەوە دەڵێت: "منالیک له مکتب صنایکیدا دوام بکا به دو سال مکمل هرچی صنعتیک آرزو بکا فیری دەبی... امرو کرکوک سنجاقیکه وکو سلیمانی و دەسالیش دەبی مکتب صنایعی تیایه"(قزاز عزیز حکمت، ڕۆژ کوردستان، ژ 14، 14ی شوباتی 1923، 2-3).

## 3-2-7: پەیوەندی شێخ مەحمود بە منەوەرەکان

ئەم بابەتە تاڕادەیەک لە ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، خراپبونی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و منەوەرەکان وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کردوە، منەوەرەکانی لە شێخ مەحمود دورخستەوە. یەکێک لەو منەوەرانە جەمال عیرفان(1881-1922) بوە، کە لە شەوی 13/12ی کانونی یەکەمی 1922 لەسەردەمی شێخ مەحمودا کوژراوە. ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان لە ژمارەی پێنچەمدا بەناونیشانی (ضیاعیکی گورە)، کە بەمانای لەدەستدانێکی گەورە دێت، ئاماژەی بە ڕوداوەکە کردوە. وەک لەم بارەوە نوسیویەتی: له اذکیا و منوران وطن عرفان زاده جمال بک شوی چوارشمه رابردو13/12 کانون اول 338 له طرف اشخاصی مجهولەوە دست ریژیکی لی کرا دو کله اصابتی کرد پاس 3 سعات وفاتی کرد(ڕۆژ کوردستان، ژ 5، 20ی کانونی یەکەمی 1922، 1). بەگوێرەی بۆچونی مێژونوسێک، هەرچەندە شێخ مەحمود ئاگای لەم کارە نەبوە، بەڵام چونکە لە بکوژەکانی نەکۆڵیوەتەوە گلەیی هاتە سەر. ئەمەش یەکێکی تر بو لەو هۆکارانەی وایکرد کە ڕۆشنبیرەکان زیاتر لە شێخ مەحمود دورکەونەوە(ئەمین، 2013، 282).

یەکێکی تر لەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان بەرچاودەکەوێ شیعرێکی شاعیری کورد ئەحمەد موختار جافی(1898-1935) قایمقامی ئەو کاتی شاری هەڵەبجە و شاعیر و یەکێک لە منەوەرەکانی ئەو ڕۆژگارەیە، کە بەهۆی بەندکردنیەوە لایەن شێخ مەحمودەوە بۆ شێخی ناردوە(بۆ بینینی تەواوی شیعرەکە بڕوانە: ژ14، 24 شوبات 1923، 2-3). شایانی باسە بەهۆی گومانی شێخ مەحمود بەرامبەر ئەحمەد موختار جاف کە پەیوندی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بەستوە، شێخ ناوبرای گرتوەو بەندی کردوە، بۆیە ئەحمەد موختار جاف ئەو شیعرەی بۆ شێخ نوسیوە و گوێڕایەڵ و بەندەیی خۆی بۆ شێخ دوپات کردۆتەوە (ئەمین، 2013، 280-281).

## 3-2-8: سیاسەتی نوسینی ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان بەرانبەر بەریتانییەکان

پێشتر ئەوەمان ڕون کردۆتەوە کە شێخ مەحمود بەیارمەتی ئینگلیزەکان لە ساڵی 1922 گەڕایەوە سلێمانی و سەرەتا پەیوەندی لەگەڵیاندا زۆر باش بوە، ئەمەش لە ژمارەکانی سەرەتای ڕۆژنامەی ڕۆژ

کوردستان ڕەنگی داوەتەوە و هەست بەوە دەکەی کە ڕۆژنامەکە بەچاوێکی دۆستانە تەماشای ئینگلیزەکانی کردوە، وەک لە ژمارە (5)ی ڕۆژنامەکە هاتوە، ئاماژەی بەوە کردوە کە میللەتی کورد چاوی بڕیوەتە بەریتاینەکان تا هاوکاری و پاڵپشتیان بکەن(ژ 5، 20 کانونی یەکەمی 1922، 3 ). هەروەها لەژمارە (7)ی ڕۆژنامەکە ناوەڕۆکی چەند نامەیەکی خستۆتەڕو کە لەنێوان شێخ مەحمود و سمکۆی شکاکدا ئاڵوگۆڕ کراوە. شێخ مەحمود لەیەکێک لە نامەکاندا سیاسەتی خۆی بەرانبەر ئینگلیزەکان ڕون کردۆتەوە، کاتێک ناوەڕۆکی نامەکە دەخوێنیتەوە هەست دەکەی شێخ مەحمود گلەیی لە ئینگلیزەکان دەکات بەوەی پەیمانەکانی خۆیان بەرانبەر میللەتی کورد بەجێ نەهێناوە، بۆیە ئەوانیش ناتوانن گوێڕایەڵیان بکەن. شێخ ئاماژەی بەوەش کردوە، کە ئەوان حەزیان بەشەڕ نییە و ئەگەر هەمو مافەکانیان پێبدرێ ئەوان ئامادەن بۆ هەمو فیداکاریەک. شێخ ئەوەشی ڕون کردۆتەوە کە هەمو میللەتی کورد بێ دودڵی ئامادەیە بۆ دەرپەڕاندنی دوژمن، بەو مەرجەی حکومەتی بەریتانیا پەیمانی خۆی جێبەجێ بکات و دان بەمافەکانی کورددا بنێ و یارمەتیان بدات، بەڵام لەو بارودۆخەدا ئەوان ئامادە نین خوێنی میللەتی خۆیان بێ هودە بڕێژن، بۆیە لەو قۆناغەدا ئەوان بەباشی دەزانن بێ لایەن بن(بڕوانە تەواوی بابەتەکە لە: ژ 7، 3 کانونی دوەم 1923، ل3–4). ئەوەی لەم بابەتە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، شێخ مەحمود گلەیی ئەوەی لە ئینگلیزەکان کردوە، کە ئەوان نەیانتوانیوە یارمەتیان بدەن بۆ دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیر پاشای تورک لە ڕەواندز، بۆیە ئەوان ئامادە نین بەتەنها بەگژ تورکەکاندا بچنەوە، لەو بارودۆخەشدا کاتێک ئینگلیزەکان یارمەتیان نادەن، ئەوانیش وەکو کورد ئامادە نین ملکەچی بەریتانییەکان بن و لەململانێی نێوان تورک و ئینگلیزەکان بێلایەنی هەڵدەبژێرن. لەڕاستیدا بەپێچەوانەی قسەکانی، شێخ مەحمود لەو ململانێیەدا شێخ بێ لایەن نەوەستا و بەلای تورکەکاندا شکایەوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ئینگلیزەکان لەو قۆناغەدا ئامادە نەبون مافەکانی کورد بدەن. هەر ئەمەش وای لە مێژونوسێکی وەکو عەبدولڕەزاق حەسەنی کردوە بڵێ: لەساڵی 1922 لەکاتی دەستپێکردنی گفتوگۆکانی لۆزانەوە خەونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لای کوردەکان لەبارچو، هەربۆیە لەو قۆناغەدا ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراقیش کاریان کردوە لەپێناوی لکاندنی کوردستان بەعێراق و چەسپاندنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراق و وەستاندنی جولانەوەی شێخ مەحمود(الحسنی، 1953، ج1، 204).

بۆیە دوای تێکچونی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان، دوای پەیوەندیکردنی شێخ مەحمود بەتورکەکانەوە لەپێناو دژایەتی کردنی بەریتانییەکان، ئینگلیزەکان لە 24ی شوباتی 1923 داوایان لە شێخ مەحمود کرد سەردانی بەغدا بکات بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیز لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام کاتێک شێخ ئامادە نەبو سەردانی بەغدا بکات، ئینگلیزەکان لەڕۆژی 2 و 3ی ئاداری 1923

لەڕێگەی فرۆکەوە شاری سلێمانیان بۆردومان کرد، ئەمە شێخ مەحمودی ناچارکرد لەڕۆژی 4ی ئادار شاری سلێمانی بەجێهێڵێ و بەخۆی و چەکدارەکانیەوە کشایەوە ناوچەی سورداش(ئەمین، 2013، 286-287). لەدوا ژمارەی خۆیدا ڕۆژنامەکە لە بابەتێکدا بەناونیشانی "تخلیە سلیمانی"، واتە چۆڵکردنی سلێمانی بەوردی باسی لەوە کردوە دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود و پێکهێنانی حکومەت، هەوڵدراوە دۆستایەتی ئینگلیزەکان بکرێ، وا لە ئینگلیزەکان چاوەڕوان دەرکرا حکومەتێکی کوردی پێکبهێن، کوردیش دەیوست دۆستایەتی ئەوان بکات، بەڵام بەداخەوە لەجێگەی دۆستایەتی ئینگلیزەکان هەڕەشە لە میللەتی چەوساوەی کورد دەکەن و بۆردمانی دەکەن. هەروەها ڕۆژنامەکە پرسیاری ئەوەی کردوە کە بۆچی ئینگلیزەکان ئەو کارە دەکەن، ئایا ئەوان لە بۆردومان کردنی ژن و منداڵی بێتاوانی کورد چیان دەست دەکەوێ(ڕۆژ کوردستان، ژ 15، 3ی مارتی 1923، 3-4).

## ئەنجام

هەردو ڕۆژنامەی بانگ کوردستان و ڕۆژ کوردستان لە ڕۆژگارێکی مێژویی زۆر هەرستیاردا دەرچونە، ئەم دو ڕۆژنامەیە وێنەی واقیعی سیاسی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەگوازنەوە، لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی مێژوی گرنگن بۆ ئەو ڕۆژگارەی مێژوی کورد، بۆیە هەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی لەو ڕۆژگارەی مێژوی کورد بکرێ ناتوانرێ ئەم دو سەرچاوەیە پشتگوێ بخرێن، چونکە هەردو ڕۆژنامەکە زانیاری گرنگی لەبارەی لایەنی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەی بۆ تۆمار کردوین. هەردو ڕۆژنامەکە زانیاری باشی تێدایە لەبارەی سیاسەتی ئەوکاتی بەریتانیا بەرانبەر چارەنوسی سیاسی کوردستان و حکومەتەکەی ئەوکاتی شێخ مەحمود لە سلێمانی. هەردو ڕۆژنامەکە ڕۆڵیان هەبوە لەپەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی لەناو کورددا، بەهۆی ئەوەی نوسەرانی هەردو ڕۆژنامەکە هەڵگری بیری نەتەوەیی بون و کاریان لەسەر پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەری کوردی کردوە. هەروەها دەستەی نوسەرانی هەردو ڕۆژنامەکە دەستەبژێری ئەو ڕۆژگارەی کۆمەڵگەی کوردی بون و، وتارەکانیان کاریگەری بەسەر خەڵک و کۆمەڵگەوە هەبوە.

دەرچونی ئەم دو ڕۆژنامەیە بەقۆناغێکی گرنگ لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەنرێت، لەدوای ڕۆژنامەی پێشکەوتن ڕۆژنامەی بانگ کوردستان بەدوەم و ڕۆژ کوردستان بەسێیەم ڕۆژنامەی سلێمانی دادەنرێت، هەردو ڕۆژنامەکە لە پێشەنگەکانی قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی شاری سلێمانی هەژمار دەکرێت. ئەم دو ڕۆژنامەیە بەهەمان دەزگای چاپ و هەمان قەبارە و هەمان شێوەو ڕوخسار، بەڵام بەناوەڕۆک جیاواز و لەدو هەلومەرجی سیاسی جیاوازدا دەرچونە. زۆربەی نوسەر و شاعیرانی ڕۆژنامەی بانگ

کوردستان، بەشداریان لە ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستانیشدا کردوە. لەڕوی هونەری نوسین و زمانەوانیشەوە تەواو لە یەکتر دەچن. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەردو ڕۆژنامەکە وەکو میراتگری یەکتری وان.

## پەراوێزەکان

(1) مێجەر ئێدوارد چارلز ولیەم نۆئێل، یەکێک بوە ئەفسەرە سیاسیە بەتواناکانی ئینگلیز کە لەعێراقدا کای کردوە، لە 16ی تشرینی دوەمی 1918دا گەیشتە سلێمانی و شێخ مەحمودی وەکو حاکمی ناوچەی نێوان زێی گەورە و ڕوباری سیروان ناساند(ئەحمەد، 2014، 264).

(2) لە میساقی میللی تورکیدا هاتبو کە موسڵ بەشێکە لە خاکی تورکیا، بۆیە دەستهەڵگرتن لێ کارێکی ئاسان نەبو, بۆ زانیاری سەبارەت بە خاڵەکانی بڕوانە:( Uçarol,2013:726)؛ هەر بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بڕوانە: (حسین، فاضل(1977)، مشکلة الموصل دراسة فی الدبلوماسیة العراقیة-الانگلیزیة- الترکیة وفی الرأی العام، الطبعة الثالثة، مطبعة اشبیلیة، بغداد.

(3) دوای ئەوەی کەمالیەکان لە تورکیا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا دەستیان کرد بە کێشە دروستکردن بۆ ئینگلیزەکان بەمەبەستی گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ، بەیارمەتی عەشایەری کوردی توانیان ڕانیە و هەریر و کۆیە و ڕەواندوز لەژێر دەستی ئینگلیز دەربکەن و هەڕەشەیان لە سلێمانیش دەکرد، بۆ بەرەنگاربونەوەی تورکەکان ئینگلیز دەستیان کرد بە پاڵپشتی هەندێک لەو کەسانەی کە لێوەیان نزیکبون یان ویستیان سود لە نەتەوەیی و کوردپەروەرانی سلێمانی وەربگرن، لەوانە مستەفا پاشای یاموڵکی و یارمەتیاندا لە دروستکردنی جەمعیەتی کوردستان و دەرکردنی ڕۆژنامەی بانگ کوردستان. مستەفا پاشا دەیویست لەڕێگەی جەمعیەتی کوردستان و ڕۆژنامەی بانگ کوردستانەوە بەرەنگاری تورکەکان بێتەوە(احمد، 1987، 129؛ شوانی، 2002، 150-151).

(4) پەیماننامەی لۆزان لە 24ی تەمموزی 1923 بە بەشداری حکومەتی تورکیا لەلایەک, بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ڕۆمانیا و یۆگۆسلاڤیا بەسترا. ئەو بابەتانەی لەم پەیماننامەیە لەنێوان حکومەتی تورکیا و بەریتانیا بەتوندی هەڵوەستەی لەسەر کرا کێشەی گەروەکان و کێشەی ویلایەتی موسڵ و قەرزەکانی پێشوی دەوڵەتی عوسمانی بو، سەرەڕای هەبونی ئەو گرژیانەش زۆربەی کێشەکان چارەسەربون، جگە لە کێشەی موسڵ نەبێت. ئەم کۆنگرەیە بەسەرکەوتن بۆ ئەنقەرە هەژمار دەکرێت، چونکە تورکیا وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدانرا(Eyicil, 2005: 396-397).

(5) یەکێکە لە سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران، سەرۆکی عەشیرەتی شکاکی کوردییە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە کەوتە جولانەوە دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە ساڵی 1922 ڕاپەڕینی فراوانی

دەستپێکردوە دەستی بەسەر ناوچەیەکی فراوان لە شاری ئورمیەدا گرت، بەڵام دوای هێرشی ئێرانیەکان سمکۆی شکاک شکستی خوارد و سەرەتا ڕای کردە عێراق و چوە لای شێخ مەحمود، ڕەزا شای ئەو کاتی شای ئێران بەفێڵ بانگهێشتی کردوە بۆ ڕێکەوتن، لەئاکامدا لە ساڵی 1930 لە ناوی برد(الصویرکی، 2006، 107).

(6) هەرچەندە هەندێک لەمێژونوسان پێیان وایە لەم ماوەیەدا ڕۆژنامەکە وەکو ڕۆژنامەیەکی ناڕەسمی کاری کردوە و زمانحاڵی حکومەت نەبوە، بەڵکو وەکو ڕۆژنامەیەکی نیشتیمانی کاروچالاکیەکانی حکومەتی بڵاوکردۆتەوە(میسری، 2004، 138؛ ئەمین، 2013، 269).

(7) ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارە لە 1 حوزەیرانی 1920 دەرچوە، پێشتر بەناوی ڕۆژنامەی (العرب)ەوە دەرچوە. رزوق ئەفەندی غانم خاوەن و سەرنوسەری ڕۆژنامەکە بوە، ڕۆژنامەکە سەرەتا لەلایەن بەریتانییەکانەوە پاڵپشتی کراوە دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقی پاڵپشتی کردوە، ڕۆژنامەکە بۆ ماوەی دوانزە ساڵ تا کۆتایی 1932 لە دەرچون بەردەوام بوە(بڕوانە: الحسنی، 1935، ج1، 59).

(8) ئەم پارتە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکەوە دامەزرا کە لایەنگری بونی بەریتانیا بون لە عێراقدا، چەند سەرکردەیەکی ناو ئەم پارتە پلەی وەزیریان لە حکومەتەکەی عبدالرحمن گەیلانی نەقیبدا هەبو، لەوانە تۆفیق خالیدی وەزیری دەرەوە و عبدالمجید شاوی و فخری جمیل وەزیری بێ وەزارەت بون. لە سەرکردە دیارەکانی تری ئەم پارتە حسن عصیبە و یوسف غەنیمە و جەمیل صدقی زەهاوی و تەها یاسین و صلاح بابان بون. محمود نەقیبیش سەرۆکی پارتەکە بو. هەروەها ئەم پارتە پاڵپشتی ڕێکەوتنی ساڵی 1930ی نێوان عێراقی بەریتانیای کردبو(حبیب، 2013، 238).

(9) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی عەرەبی سیاسی کۆمەڵایەتی بو، خاوەن و بەڕێوبەری ئەم ڕۆژنامەیە پارێزەر داود السعدی و سەرنوسەرەکەشی رشید الهاشمی بوە. یەکەم ژمارەی لە بەغدا لەبەورای ڕۆژی شەممەی 25ی حوزەیرانی 1921دا دەرچوە. ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ماوەی سێ ساڵان لە دەرچون بەدەوام بوە و پاشان داخراوە(الحسنی، 1935، ج1، 62).

(10) ئیدمۆندس(1889-1979): یەکێکە لە ئەفسەرە سیاسییە ناودارەکانی ئینگلیز کە ماوەیەک لە کوردستان و عێراقدا کاری کردوە، لە ساڵی 1918ەوە کارگێڕی سیاسی و ڕاوێژکاری حکومەتی بەریتانی بوە. لە 1935 تا 1945 ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بوە. لە ماوەی کارکردنیدا چەندین ڕاپۆرت و نامە و بیرەوەری و لێکۆڵینەوەی گرنگی لەسەر عێراق و کوردستان نوسیوە (ئەحمەد، 2014: 264-265، هەروەها بڕوانە: Roshani,2013,1-2).

# سەرچاوەکان


باجگر(ئامادە و پێشکەشکردنی)، نەوزاد یەحیا(2019)، سلێمانی (بابان) لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا 1227-1339 کۆچی 1812-1927 زاینی، وەرگێڕانی لەتورکی عوسمانیەوە: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی نۆیەم، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان خانەی بەڵگەکان، هەولێر، 2019.

حلمی، ڕەفیق(2003)، یادداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

خواجە، احمد(2013)، چیم دی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ئەحمەد، سامان حسێن(2014)، مێژوی کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیدا(1900-1950)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا(2013)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی 1898-1958، کتێبی دوەم، بەرگی یەکەم، الدار العربية للعلوم- ناشرون، بیروت.

حەمید، عەلی خالید(کاکە مەم بۆتانی)(2003)، لە دو تویی یاداشتی شاردا. چاپی دوەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

ڕەشە، ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی(بێ ساڵی چاپ)، شاری سلێمانی، پێداچونەوە و پێشەکی: عززەدین مستەفا ڕەسوڵ، ب1، چ2، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، بەغدا.

ساڵح"ئامادەکار"، ڕەفیق،(2001)، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر(1923-1924) بانک حەق بانگ کردستان امید استقلال، لێکۆڵینەوەی: د.کمال فوئاد و سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی بەردخان.

ساڵح، صدیق(2006)، حکومەتی کوردستان (1918-1924)، چاپخانەی شڤان، چاپی دوەم، سلێمانی.

ساڵح، مەجید(2019)، مستەفا پاشا یاملکی پۆرتریتی خەباتکارێکی کورد، چاپی دوەم، چاپخانەی انتشارات کردستان، شاری سنە/ ئێران.

شەریف، هیوا حەمید(2022)، هەنگاوە هەڵەکان/ هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕۆڵ و کاریگەری (سەرکردە) کوردەکان لە گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی– بۆ کتێبی (گوتوبێژێکی دەگمەنی تۆفیق وەهبی و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە)ی کەمال ڕەئوف محەمەد/ توێژینەوەیەکی مێژویی ڕەخنەییە، چاپی یەکەم، بێ دیاریکردنی ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ.

شوانی، ئاکۆ عبدالکریم(2002)، شاری سلێمانی 1918-1932 لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسی یە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی.

عەتار، علی ناجی کاکەمین و سامی، سیروان بەکر(1998)، پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی 1920-1922، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

میسری، محمد دلێر ئەمین(2004)، ڕۆژنامەنوسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورددا لەمێژوی هاوچەرخدا(1922-1924)، لەلایەن شارەوانی سایمانیەوە چاپ کراوە، ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی.

هاوار، محمد رسوڵ(1990)، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارەوی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن.

ئێدمۆندس، سیسیل جۆن(2004)، کورد تورک عەرەب، وەرگێڕانی: حەمیدی گەوهەری، چاپی دوەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

جوەیدە، وەدیع(2008)، جولانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما و پەرەسەندنی، وەرگێڕانی: د.یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

عبدالجبار، محمد جباری(1970)، مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

عمر، علی فاروق(2001)، ڕۆژنامەگەری کوردی لەعێراقدا بەراییەکان 1914-1929(ئەم کتابە نامەیەکی ماستەرە لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە)، وەرگێڕانی بۆ کوردی، تاریق کارێزی، ساغکردنەوەی دەقە ڕۆژنامەوانیەکان، د.عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

احمد، كمال مظهر(1987)، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، المبطة شؤن الثقافية العامة، بغداد.

الأدهمي، محمد مظفر(1972)، المجلس الاتأسيسى العراقى، دراسة تاريخية سياسية، مطبعة سعدون، بغداد.

السير أرنولد ويلسن(1971)، الثورة العراقية، تەحمه و علق علية: جعفر الخياط، الطبعة الاولى، مطبعة دار الكتب، بيروت.

اسكندر، سعد بشير(2007)، من التخطيط الى التجزئة سياسة بريطانيا العظمى اتجاه مستقبل كردستان (1915-1913)، الطبعة الاولى، مطبعة شڤان، السليمانية.

بطى، فائق(1976) ، الموسوعة الصحيفة العراقية، المطبعة الأديب البغدادية.

البياتى، عبدالرحمن ادريس صالح (2007)، الشيخ محمود الحفيد "البرزنجى" والنفوذ البريطانى فى كردستان العراق حتى عام 1925، تقديم: د.كمال مظهر أحمد، الطبعة الثانية، مطبعة شڤان، السليمانية.

حبيب، كاظم (2013)، لمحات من عراق قرن عشرين/ العراق الملكى من بداية الاحتلال البريطانى للعراق و نهاية الانتداب 1914-1932، الجرء الاول، الكتاب الثالث، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربيل.

الحسنى، عبدالرزاق(1935)، تاريخ الصحافة العراقية، الجزء الأول، مطبعة الغزى، النجف.

الحسنى، عبدالرزاق (1953)، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، الطبعة الثانية، مطبعة العرفان صيدا.

الحسنى، عبدالرزاق(2008)، تاريخ العراق السياسى الحديث، الجزء الثالث، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

الحسنى، عبدالرزاق(2013)، العراق فى دورى الاحتلال و الانتداب، الجزء الاول، دار الرافيدين، بيروت.

خزندار، جمال(1973)، مرشد الصحافة الكردية. مديرية الثقافة الكردية العامة، بغداد.

زكى بك، محمد امين (1939)، حلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، مطبعة السعادة، مصر.

صابر، سروه اسعد(2001)، كوردستان من بداية الحرب العالمية الأولى الى نهاية مشكلة الموصل(1914-1926) دراسة تاريخية سياسية وثائقية، مؤسسة موكريانى للنشر، اربيل.

الصويركى، د.محمد على(2006)، معجم أعلام الكرد فى التاريخ الاسلامى و العصر الحديث فى كردستان و خارجها، الطبعة الاولى، مؤسسة حمدى للطباعة و النشر، السليمانية.

على، عثمان، دراسات فى الحركة الكردية المعاصرة 1833-1946، تقديم: د.محمد هماوندى، الطبعة الاولى، مطبعة الثقافة، اربيل، 2003.

فتح الله، جرجيس(2002)، يقظة الكرد تاريخ سياسى 1900-1925/ مما يتناول النزاع على جنوب كردستان امام عصبة الأمم مع الوثائق و المذكرات المتعلق به، الطبعة الاولى، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربيل.

لونگريک، ستيڤن هيمسلى(1988)، العراق الحديث من (1900-1950) التاريخ السياسى والاجتماعى والاقتصادى، ترجمه: سليم طه التكريتى، جزو الاول والثانى، الطبعه الاول، بغداد.

مكدول، ديفيد(2004)، تاريخ الأكراد الحديث، ترجمة: راج آل محمد، الطبعة الاولى، دار فارابى، بيروت.

بيرغوين، اليزابيث(2002)، مذكرات المس بيل من اوراقها شخصية 1914-1926، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة الأردنية، عمان.

شمدت، دانا ادمز(1999)، رحلة الى رجال شجعان فى كوردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، مطبعة دار ئاراس، اربيل.

كوكس، السر برسى و دوبس، السر هنرى(دون تاريخ الطبع)، مذكرتان خطيرتان بقلم السر برسى كوكس و هنرى دوبس، الصفحة من تاريخ العراق الحديث من السنة 1914 سنة 1926 تكوين الحكم الوطنى فى العراق، ترجمة: بشير فرجو، الموصل.

Eyicil, Ahmet, (2005), Siyasi Tarihi (1789-1939), Gün Yay., Ankara.

ÖKE، M.، (1991). Musul Meselesi Kronolojisi(1918- 1926)، TDA، 2.Baskı، İstanbul.

SİLLELİ، Turan، 2005، Büyük Oyunda Türkiye- Irak İlişkileri، IQ Kültür Sanat Yay.، 1.Baskı، İstanbul.

UÇAROL، R.، (2013). Siyasi Tarihi (1879- 2012)، 9.Basım، Der Yay.، İstanbul.

Roshani, Dilan(2013), Cicil John Edmonds1889-1979, Kurdish Acadamy of Language,Middle East Center.

شيخ حسن، ستار(2009)، مصطفى پاشا ياملكى(1866-1936) دراسة تاريخية عن دوره العسكرى و السياسى و الثقافى، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، اربيل.

پێشکەوتن، ژ1، 29 نیسانی 1920.

پێشکەوتن، ژ 76، 6 ئۆکتۆبەری 1921.

پێشکەوتن، ژ 118، 27 جولای 1922.

بانگ کوردستان، ژمارە 1، 2 ئابی 1922.

بانگ کوردستان، ژ 2، 14ی ئابی 1922.

بانگ کوردستان، ژ 4، 28 ئابی 1922.

بانگ کوردستان، ژ5، 4 ئەیلولی 1922.

بانگ کوردستان، ژ 6، 18ی ئەیلولی 1922.

بانگ کوردستان، ژ 10، 15ی تشرینی یەکەمی 1922.

بانگ کردستان، ژ11، 20 تشرینی یەکەمی 1922

بانگ کوردستان، ژ 14، 8ی حوزیرانی 1923.

ڕۆژ کوردستان، ژ 1، 15 تشرینی دوەمی 1922.

ڕۆژ کوردستان، ژ 2، 22ی تشرینی دوەمی 1922.

رۆژ کوردستان، ژ 3، 29 تشرینی دوەمی 1922.

رۆژ کوردستان، ژ4، 6 کانونی یەکەمی 1922.

رۆژ کوردستان، ژ 5، 20 کانونی یەکەمی 1922.

رۆژ کوردستان، ژ 6، 27 کانونی یەکەمی 1922.

ڕۆژ کوردستان، ژ 7، 3ی کانونی دوەمی 1923.

ڕۆژ کوردستان، ژ 8، 10 کانونی یەکەمی 1923.

ڕۆژ کوردستان، ژ 10، 24 کانونی دوەمی 1923.

ڕۆژ کوردستان، ژ 12، 10ی شوباتی 1923.

ڕۆژ کوردستان، ژ 13، 17ی شوباتی 1923.

ڕۆژ کوردستان، ژ 14، 24 شوباتی 1923.

ڕۆژ کوردستان، ژ 15، 3ی مارتی 1923.

ڕۆژنامەی بانگ حەق، ژ1، 28 ئاداری 1923.

بانگ حق، ژ3، 12 نیسانی 1923.

امید استقلال، ژ 1، 20 ئەیلول 1923.

امید استقلال، ژماره 3، 4 تشرینی یەکەمی 1923.

امید استقلال، ژماره 4، 11ی تشرینی یەکەمی 1923.

امید استقلال، ژ23، 24 نیسانی 1924.

# Newspapers in the time of Sheikh Mahmud

# The two newspapers Bang Kurdistan (1922) and Roj Kurdistan (1922-1923) as examples

## It is a historical study

**Bakhtiar Saeed Mahmoud**


Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

During the second reign of Sheikh Mahmud in Sulaimani between 1922-1923, the newspapers Bang Kurdistan and Roj Kurdistan were published. These two newspapers are considered as a second official media of Sheikh Mahmud's government in Sulaimani, although Roj Bang Kurdistan was initially the official media of the Kurdistan Community of Mustafa Pasha Yamulki. But, from the tenth issue, the newspaper became the official media for Sheikh Mahmud's government, thus, we thought to do historical research on these two newspapers to discuss the articles of both newspapers. This study consists of three themes. The first theme explains the political situation in which these two newspapers were published. In the second theme, the two newspapers Bang Haq and Omed Istiqlal are briefly discussed, but the third theme is devoted to the two newspapers Bang Kurdistan and Roj Kurdistan.

**Keywords:** Newspaper, Bang Kurdistan, Roj Kurdistan, Bang Haq, Omed Istiqlal and Sheikh Mahmoud

## پاشكۆی ژماره (1)



صحیفە ١ — روژ کوردستانە

صاحب امتیاز و مدیر مسئول
م . نوری

محرر
ملی کمال

# روژ کوردستان

اعلانات بدبریك
٣ آنه ده سیتریت

بدل آبونه
٣ مانك یك ٦ مانك دو
سالیكی چوار روپیه‌یه

بو هەو شتیك مراجعت
بە مدیر مسئول اکری

بو خارج اجرت بوسطه
علاوه دەکری

تاریخ انتشار
١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢
سلیمانی
سیاسی . ادبی . اجتماعی . غزته‌یكی رسمی‌یه
هفتة جاریك دردچی

نسخة به آنه یك — نسخة به آنه یك

سال ١ — ژماره ١ — [ چوارشمە ] — ٢٥ ربیع الاول ١٣٤١ — ١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢

بانگ کوردستان — روژ کوردستان

صاحب امتیاز غزتة بانگ کوردستان جناب حاجی مصطفى پاشا ابر مشغلات وظیفة رسمیه استعفای کرد .

انتشاری ام غزته‌یه لواقعا بو کورد و کوردستان فایكی خیر بو یعنی بانك کوردستان نتیجه‌ی روژ بو .

ابر استعفای موی الیه امتیاز و ادارة غزتة روژ کوردستان با ارادة حضرت جلالت ملك کوردستان دام شوکته بم ناوه‌وه تودیعی بنده کرا .

بلی نتیجة بانگی که بو طلوع فجریكی استقبال ادری روژه .

او بانگه بانگی بو که بو صبحیكی سعادت ادرا ام روژه روژیكه که له الحمد قوم نجیب کورد له سایة همت و اقدامات خدا پسندانة ملوکانه‌وه نایل سعادت و استقلالیت خوی بو .

خدا ام روژ و روژ کردستان له همو ملتی کورد مبارك بکا .

مدیر مسئول
م . نوری

غزتة العراق له نسخة ٧٣٨ دا به عنوانی « منشور حزب الحر العراقی » و له ٧٤٣ دا به عنوانی « مجلس ادارة کردستان » چند شتیكی نوسیبو کوته بر چاومان کویا حزب حر عراق طلب محافظة همو حقوق و حدود طبیعیه‌ی عراق له حکومتی خویان کردوه . کردستانیش به ناوی لوای سلیمانی داخل کردوه چونکه مربوطیت تجارت و اقتصادیاتی له کل بغداد زوره . و هم مجلس رؤسای کردستانی به ناوی مجلس ادارة کردستان داوه‌ته قلم . ام مطالعاته که لم غزته دا درمیان کراوه راستی جای تعجب و تأسفه چونکه به خیالی هیچ اربابی وجدانیكدا نابی که شخصیكی منور امنده له حق و حد خارج بی . ایمه هیچ امیدمان نه اکرد که دراوسی یكی محترم خومان پی له همو حقوق و مناسبات هزار سالة ام دو حکومت و ملته بنی له جیاتی — واسطة مبارکیایی و ترویج آمال و افکارمان تجاوز حدود و حقوقان بکات . او کسانه که ام نوعه قصانه اکن بی شبهه دشمن وطن و ملت عربیه و حضرت جلالت ملك

ژماره (1)ی ڕۆژنامەی ڕۆژ كوردستان